# ئایا ئیسلام لەتەک سەربەستی ودیمۆکراسیدا دێتەوە؟

**زاهیر باهیر**
لەندەن شوباتی 2010

هەڵبەتە لەسەر پرسی ئیسلام، وەکو بزووتنەوە و وەکو ئایین، یا تەنانەت لەسەر خودی قورئان و قسەکانی پەیامبەریش، ئەوەندە نووسراوە لە ژماردن نایێت، بۆیە من لەم نووسینەمدا دەمەوێت خۆم لەوە لابدەم و زیاتر تەرکیز لەسەر تایتڵی یا سەرباسی بابەتەکەم بکەم. بۆ ئەوەی باسەکە مافی خۆی بدرێتێ و تێروتەسەل بێت دەبێت پەنجە گەر بەکورتیش بێت، بۆ چەند لایەنێکی دی ڕاکێشم، لەوانە ئایین بەگشتی؟ پرسی تیرۆر و جەنگی" دژەتیرۆر" و دیاردەی فرەکەڵچەری لە وڵاتانی ئەوروپا و بەتایبەت بریتانیا و هەندێ وردە باسی تریش، دواتر بەیەکەوە گرێیان بدەمەوە، تاکو خوێنەر ئەو کاتە بۆ خۆی بڕیار بدات کە ئیسلام لەگەڵ سەربەستی ودیمۆکراسیدا یەکدەگرێتەوە و تەبایە یا پێچەوانە و ناکۆکە پێیان.

وەك هەمووان دەزانن، موسڵمان وەکو دانیشتووانی سەر ئەم زەوییە، گەر هەر بە پێی ناسناماکانیشیان بێت، ژمارەیان لەسەر و ملیاردێکەوەیە. پێڕەوانی ئەم ئایینە گەرچی بەشێکیان بەڕاستیشیان نەبێت، ژمارەیان شەشیەکی دانیشتووانی ئەم دنیایە پێکدەهێنێت، بەڵام وەکو ئایینێکی زیندوو وەکو ئایینێکی گێچەڵاوی و گیروگرفتدار، کاریگەرییەکی گەلێك گەورەی لەسەر سەرجەمی دانیشتووانی ئەم سەرزەمینە هەیە و لە ژیانی ئەمڕۆیاندا بووەتە کێشەیەکی گەورە، ئەمە لەکاتێکدا کە زیاتر لە 1600 ساڵ بەسەر سەرهەڵدانیدا تێپەڕیوە. هەڵبەتە ئەمەش هۆ و فاکتەری خۆی هەیە، کە من لێرەدا تەنها پەنجە بۆ هەندێکیان ڕادەکێشم، لەوانە:

1. زیندووکردنەوەی ئایین، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای چەرخی نۆزدە و گرێدانەوەی بەڕامیارییەوە، تا وەك پرسێکی ڕامیاری ببێتە بزووتنەوەیەکی ڕامیاری بۆ ئامانجێکی ڕامیاری بەگرتنەبەری هەموو ڕێگایەك بە ڕێنماییکردن و پەنابردنەبەر تێکستە کۆنەکانی ناو قورئان و قسەکانی پەیامبەر و لێکدانەوەیان لەلایەن کەسانی بەناوبانگ و مامۆستا و زانایانی ئیسلامەوە.

2. دۆران و تێکشکانی بزووتنەوە و کۆمەڵگەی بەناو سۆشیالیستی و کۆمونیستی و لیبراڵ و پرسی هەڵبژاردن و پەرلەمانتاری وەکو ڕووکەشە ڕامیارییەکەی، بازاڕی ئازادیش وەکو کاکڵە ئابوورییەکەی لەپاڵ چەمکە فەلسەفییەکەیدا.

3. بەکارهێنانی ئایین و پشتبەستن بەتێکستەکانی قورئان و قسەکانی پەیامبەر و یاسا و شەریعەتی ئیسلامی لەلایەن دەسەڵاتدارانی وڵاتانی ئیسلامییەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و درێژەدان بەفەرمانڕەواییان. خۆ لە خۆڕا ناپۆلیۆن نەیوتووە" ئایین باشترین شتێکە بۆ دەمکوتکردنی خەڵك و بێدەنگکردنیان". سێنکا(Senca)ش دەڵێت " ئایین لەلایەن ڕەشەخەڵکەکەوە بەشتێکی ڕاست و دروست وەردەگیرێت، لەلایەن خەڵکی عاقڵ و ئاگاوە بەساختەکردن وەردەگیرێت، لەلایەن فەرمانڕەواشەوە بەسوودبەخش" The God Delusion, By

Richard Dawkins , page 276 . دەسەڵاتداران دەزانن کە ئایین، باوەڕبوون بەخودا چەندێك لە بەرژەوەندییان دەشکێتەوە.  کەواتە جەنراڵ (پەرێز موشەڕەف)ی سەرۆکی پاکستان  دوای دەسەڵات گرتنەدەست بەماوەیەك لەساڵی 2000 دا بەگاڵتە لەسەر تەلەفزیۆن ڕاینەگەیاند، کە وتی " من خوا هەڵیبژاردووم کە سەرکردایەتی میللەت ( ئومە) بکەم هەر ئەویش دەمپارێزێت". لاپەڕە 51 Descent  into Chaos, لەنوسینی ئەحمەد ڕەشید.

4. ڕامیاری وڵاتانی ئەوروپی بەتایبەت بریتانیا و ئەمەریکا چ لە ڕابوردوو چ لە ئێستاشیاندا لە پرسی پشتیوانیکردن و هاندانی ئایین و بزووتنەوەکەیدا بەتایبەت لەئەفگانستان لە هەشتاکانی سەدەی پێشوودا لەدژی سۆڤیەتی جاران، ئەمە لەپاڵ پشتگرییکردنی کۆنەپەرستترین ڕژێم لەجیهاندا، یا کۆمەککردنی نادیمۆکراتترین و دیکتاتۆرترین و سەرکوتگەرترین ڕژێم چ لەڕابوردوو چ لەئێستادا، ئەمە جگە لە جەنگە گەورەکانی ئەم دواییەیان، کەدژی ئەفگانستان و عیراق بەرپایان کردن.  کە ئەم ڕامیارییەش بە بەهێزکردنی کارگێڕی ئەم دواییەی ئەمەریکی و ئیسلامە توندڕەوەکان کۆتاییهات، چونکە یەك ئەویتری بەهێزتر دەکرد.

5. ڕامیاریی ناوخۆی وڵاتانی ئەوروپی بەتایبەت بریتانیا و سوید لە مامەڵەکردنی کەمینە نەتەوەکاندا لە هەمووشیان زیاتر ئایینی ئیسلام و موسڵمانانی ئەم وڵاتانە، لەژێر ناوی برەودان بەڕامیاریی فرەکەڵچەری و ڕەخساندنی هەلومەرج بۆیان.

6. جیانەبوونەوەی تەواوی ئایین و دەوڵەت لە بریتانیا و ئەمریکا، ئەمەش وایکردووە کە پیاوانی ئایینی و ڕیکخراو و ئاراستەی ئایینی بەهێزتر بکات، تا ئەو ڕادەیەی کە دەست لە پرۆگرامی خوێندن و پەروەردە وەردەن و  هەر کەسێك لە دامودەزگە جیاجیاکانی میدیادا، کە لە بەرامبەر ئاییندا، بەتایبەت ئایینی ئیسلام، دەم بکاتەوە، دەمکوتی دەکەن.  من دواتر دێمەوە سەر ئەم پرسە و ڕۆشنایی زیاتری دەخەمەسەر.

7. هەڵوێستی گەلێك لە ڕۆشنبیرانی ناوداری جیهانی بەتایبەت لە ئەوروپا، سەبارەت بە ئایینی ئیسلام و پۆزشهێنانەوە بۆ خودی ئایینی ئیسلام و دەوڵەت و مەلا و زانا ئیسلامییەکان، کە گوایە ئایینی ئیسلام ئایینێکی مرۆیانەیە و ئاشتیخوازە ولەتەك پشتگریکردنی مافەکانی مرۆڤدا دێتەوە. بۆیە ئەو کارانەی کە دەکرێن بە ناوی ئایینەوە، ئیسلامە توندڕەوەکانن.  دیسانەوە دواتر دێمەوە سەر ئەم پرسەش.

هەڵبەتە گەلێك هۆی تریش هەن بۆ  زیندوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و بزووتنەوەکەی، بەڵام لە هەموویان گرنگتر، کە شانبەشانی ئەوانەی سەرەوە دەڕوات، بوونی ئەو زەمینەیەیە کە لەسایەی سیستەمی عەلمانی سەرمایەداریدا خولقاوە و بووەتە هۆی ڕوودانی برسێتی و  هەژارییەکی زۆر تا  ئەو ڕادەیەی کە زیاتر لەیەك ملیارد لە خەڵکی ئەم سەرزەمینە داهاتی ڕۆژانەیان لە تاکە دۆلارێك کەمترە، هەروەها نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ئەمە لە پاڵ شەڕ و هەڵکەندنیان لەشوێنی خۆیان و گرانبوونی پێداویستییەکانی ژیان.  من لێرەدا لای خۆمەوە هەر ئەمانە بە سەرەکی دەزانم، گەرچی ڕەنگە هۆ و هۆکاری تریش هەبن.

ئەوەی کە لێرەدا گرنگە لە سەرەتای ئەم نووسینەمدا باسی لێبکەم ئەوەیە ئایا دەتوانرێت لە ئایینی ئیسلامدا ڕیفۆرم بکرێت؟ یا بەواتایەکی سەردەمییانە ئەم ئایینە دەتوانێت مۆدیرن بکرێت، تاکو لەتەك کەلچەر و ئارەزوو و خواست و پێداویستییەکانی مرۆڤی سەردەمدا بگونجێنرێت، لەتەك سەربەستی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەدا بڕوات، بەتایبەت ئایا دەتوانرێت لە ڕوانگەی ئیسلام و ئیسلامییانەوە سەبارەت بە ئافرەت و پرسکەیان یا خەڵکانی نائیسلام (پێڕەوانی ئایینەکانی تر) و بێدینان گۆڕانکاری بکرێت، تاکو کەسانی ئایینداریش بتوانن لەتەك بێدیناندا بەئاشتی و بێ توندوتیژی هەڵبکەن و پێکەوە ژیان بەرنەسەر؟

ئێستا پرسی پاککردنەوەی پێشینەی ئیسلام، ڕزگارکردنی لەداوی توندڕەوە تیرۆریستەکان و کێشانی هێڵێکی جیا لەنێوان ڕەفتاری ئەوان و سەرجەمی کۆمەڵگە موسڵمانانەکاندا بووەتە کێشەیەکی هەنووکەیی بەتایبەت لە ئەوروپاد،ا تاکو ئیسلام و ئایینەکەی بەڕووسووری بمێنێتەوە و بتوانێت جێگای خۆی لەناو ئەم کۆمەڵگەیانەدا، بکاتەوە، کە ڕەنگە ئەمەش زیاتر لەژێر فشاری حکوومەتە ئەوروپاییەکاندا بێت. ئەمە بێ لەوەی کە هێڵێکی مۆدیرینیش لەناو موسڵماناندا دروستبووە کە هەندێ کەسی ناودار و ڕۆشنبیری ئیسلامی ڕابەرایەتی دەکەن، لەوانە: تاریق ڕەمەزان کوڕەزای حەسەن بەننای دامەزرێنەری ئیخوانولموسلیمین ، سوبحی مەحمەسانی کە کابرایەکی لوبنانییە، عید حوسەین Ed Husain کە لە بریتانیا دادەنیشێت و 5 ساڵی هەڕەتی گەنجێتی خۆی لەناو ڕێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوەکانی وەکو ڕێکخراوی موسوڵمانە لاوەکان Young Muslim Organisation و هەروەها جەماعەتی ئیسلام Jammat-e-Islam دا بردۆتەسەر و شارەزاییەکی زۆری لە ئایینی ئیسلام و قورئاندا هەیە و دیراسەی ئیسلامیشی بەعەرەبی لە سووریە و عەرەبستانی سعوودی کردووە، یەکێکە لە کەسە سەرەکیەکانی ئەو لیژنەیەی کە دەوڵەتی بریتانی بۆ دژایەتیکردنی توندڕەوەکان، دروستی کردووە و بودجەیەکی 25 ملیۆن پاوەندیشی بۆ ئەم مەبەستە بۆ تەرخان کردووە. زیادەدئایین سەردار کە لەبریتانیا دەژی، بەڕەچەڵەك پاکستانییە، هەروەها لە ئێرانیش شیرین عەبادی، کە ئافرەتێکی پارێزەری ناسراوە و لە بواری مافی مرۆڤدا کار دەکات و لەساڵی 2003 دا خەڵاتی نۆبێلی لەسەر کارەکانی وەرگرت. لە (فەرەنسە)ش موحەمەد ئارکۆن، کە بەڕەچەڵەك جەزائیرییە. گەرچی ئەوەندەی من بزانم ئەم هەندێك ناکۆکی لەتەك ئەوانەی سەرەوەدا هەیە. چونکە ئەم لە وەڵامی ڕۆژهەڵاتناسەکانی ئەوروپادا و لە پاساوهێنانەوە بۆ ئیسلام و بۆچوونەکانی ئیسلام، ڕایەکی جیاوازی لەسەر ئەو پرسیە هەیە. لەو پەرتووکەی لەژێر ناوی "عەلمانیەت و ئایین " کە نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد کردوویەتی بەکوردی، لەو پەراوێزەی کە هاشم ساڵح بۆی داناوە لە لاپەڕەدا 138 وامان تێدەگەیەنێت، کە ئارکۆن وای دەبینێت، کە ڕۆژهەڵاتناسەکانی ئەوروپا بەهەڵە لە ئیسلام گەیشتوون، ئەوان لەو ئیسلامە گەیشتوون کە پێش چەرخی شارستانی و کلاسیکی و چەرخی زێڕین هەبووە و (ئیسلامێکی سێکۆلاستیکی) دۆگمایی بووە. بەپێی لێکدانەوەی هاشم ساڵح "حوکمەکانیان حوکمی پێشوەخت بوون کە دەڵێن موسڵمان کەسێکە باوەڕی بەقەدەر و پەنابەخوا و ئەو شتانە هەیە، موسڵمان تەسلیمبووی دەستی بار و هەلومەرجە، یان ئیسلام دژی پێشکەوتن و شارستانیەتە". بێگومان خەڵکانی تریش هەن بەڵام من ئەوەندە ئاگام لێیانە.

با گوێ لە شیرین عەبادی بگرین لە دیمانەیەکدا کە لەساڵی 2004لەتەکیدا کراوە، چۆن پۆزش بۆ ئایینی ئیسلام دەهێنێتەوە، ڕای وایە کە ئیسلام لەتەك مافەکانی مرۆڤدا یەك دەگرێتەوە،

دەڵێت " بەوەدەستی پێدەکەم، دەڵێم من موسڵمانم . ئەوە کارێکی گونجاوە کە خەڵکانێك هەن ئیسلام بەهیچ شێوەیەك قەبووڵ ناکەن، بەڵام لای من هەڵەیە کە تەشهیریان پێ بکەم. چونکە من ئەوە ئامانجمە کە ئەو حکوومەتانەی لە ژێر ناوی ئیسلامدا مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن، ئەوانە ئیسلام بەدناو دەکەن، ئەوانە مافەکان پێشێل دەکەن، دوایش بەوە پاساوی دەدەن، کە ئیسلام لەگەڵ سەربەستی و دیمۆکراسیدا یەکناگرێتەوە، ئەمە تەنها ڕووسووورکردنی ڕوومەتی خۆیانە. بەڵام من لە ڕاستیدا دیمۆکراسی گەشەدارتر و دەوڵەمەندتر دەکەم و من دەڵێم ئیسلام پاساودانەوەیەك نییەلەڕیگرتن یا وەستاندنی دیمۆکراسی". Islam and Human rights, Fourth Edition , page 19, Ann Elizbeth Mayer.

گەر قورئان قسەی خودا بێت وەکو ئایەتوڵڵا خومەینی و هەموو ئایەتوڵڵاکانی تر و زانا ئایینییەکان و سەرجەمی خەڵکانی موسوڵمان باوەڕیان وایە و لەسەری کۆکن، هەروەهاش کە بەجێهێنانی و گوێڕایەڵیی بێپرس و بێبیرکردنەوەی پێویستە. کەواتە کێ زیاتر لۆجیکانە بیردەکاتەوە و کێ قووڵتر و باشتر لە ئایین و ئیسلام گەیشتووە؟ خومەینی یا موسوڵمانە مۆدیرێنەکان چ لە دەرەوەی ئەورووپا وچ لە ئەورووپادا کە خەریکی پۆزشهێنانەوەن بۆ ئیسلام و ئایینەکەی، کە گوایە ئیسلام یا ئایینی ئیسلام وا نییە.

بابزانین خومەینی لە وەڵامدانەوەی ئەوانەدا چی دەڵێت" ئیسلام لەسەر هەموو نێرینەیەکی پێگەیشتوو هەر ئەوەندەی پەککەوتە و کەمئەندام نەبێت، ئەوە فەرز دەکات کە خۆیان ئامادە کەن بۆ داگیرکردنی وڵاتانی تر تاکو کۆڵەکەکانی ئیسلام لە هەر یەکێك لە وڵاتانی جیهاندا، پەیڕەو بکرێت. ئەوانەی کە دیراسەی جەنگی پیرۆزی ئێسلامی دەکەن، تێدەگەن بۆچی ئیسلام دەیەوێت هەموو جیهان داگیر بکات...... ئەوانەی کە هیچ نازانن لە ئیسلام وای نیشاندەدەن، کە ئیسلام ئامۆژگاری دژی جەنگ دەکات، ئەوانە گێلن. ئیسلام دەڵێت: هەموو بێبڕواکان بکوژن. ئەمانە واتایان وایە ، کە موسوڵمانان پاڵی لێبدەنەوە تا لەلایەن بێبڕوایانەوە پاك دەکرێنەوە؟ هەر وەکو چۆن دەیانەوێت هەمووتان بکوژن، بەشمشێرەکانتان بیانکوژن و فڕێیاندەنە شوێنی جیاجیاوە. ئیسلام دەڵێت : ئەوانەی کە دەیانەوێت بتانکوژن لە ڕێگەی خودادا بیانکوژن. ئەمە واتای ئەوەیە کە ئێمە دەبێت تەسلیمی دوژمنەکانمان بین؟ ئیسلام دەڵێت: ئەوە باشە کە لەژێر سێبەری شمشێردا دەمێنێتەوە. خەڵك گوێڕایەڵیی ناکەن بەزەبری شمشێر نەبێت. شمشێر کلیلی بەهەشتە، ئەو بەهەشتەی کە تەنها کراوەیە بۆ خوداپەرستان، بەسەدانی تر لە وتەی پیرۆز و وتەکانی پەیامبەر هەن، داوا لە موسڵمانان دەکەن، کە نرخی جەنگ بزانن و بیکەن. ئایا ئەمانە واتایان ئەوەیە کە ئیسلام ئایینێکە پیاو لە بانگهێشتن بۆ جەنگ بوەستێنێت؟ من تف لە گیانی ئەو گێلانە دەکەم کە شتی وادەڵێن". لاپەڕە 12 Why I am not a Muslim ،By Ibn Warraq.

بەڕای من خوازیارانی ڕیفۆرم لە ئیسلام و ئایینەکەیدا زۆر هوشیارانە قسە دەکەن و دەیانەوێت نوێبوونەوەیەك لە ئیسلامدا بکەن، گەر بیانەوێت ئیسلام لەتەك کۆمەڵگەی سەردەمدا بڕوات و بەزیندوویی بمێنێتەوە. وەك هەمووانیش دەزانین هەموو تازەگەرییەك تووڕدان و بەلاوەنانی هەندێك لە شتە کۆنەکانە، هەر بۆیە ئەگەر قورئان نوێ بکرێتەوە واتە دەستکاریکردنی قسەی خوا، کە ئەمەش لەلایەن خودی قورئانەوە و هەروەها پەیامبەریشەوە ڕەتدەکرێتەوە. تاریفی

قورئان ئەوەی کەوتم دەیسەلمێنێت "نازڵبوونی ئەم پەرتووکە (قورئان) لەلایەن خوای عەزیز و حەکیمەوەیە" ئەلزەمر / لاپەڕە بەراوردێك لەنێوان قورئان و زانستدا – تەها وەهاب.
" هیچ کەس نییە بتوانێت قسەکانی خودا بگۆڕێت" ئەلکەهف /27، هەمان سەرچاوە.
ئیبن وەرەقیش کە پێمواپە ناوێکی خوازراوە لە پەرتووکی Why I am not a Muslim لە لاپەڕە 350 دا دەڵێت "نوێکردنەوەی ئیسلام و ئایینی ئیسلام کارێکی ئەستەمە، چونکە گرنگترین کارێك کە موحەممەد کردوویەتی دەرگەی بەڕووی هەموو پەیامبەران و دواقسەی خودادا داخست، کە قورئان دواقسەی تەواوی خودایە، بەمەش نەك هەر دەرگای لەسەر کەسێکی تری دوای خۆی یا کابرایەکی ڕۆشنبیری ئیسلامی داخست، بەڵکو کۆتایی بە سەربەستی بیروباوەڕیش هێنا، کە ئەوەش تەنها ڕێگەیەك بوو، ئیسلام و ئیجتیهاد لە ئیسلام و ئایینی ئیسلامدا بەرەوپێشەوە بەرێت و خۆی لەتەك سەردەمدا بگونجێنێت".

ئیبن وەرەق ڕاست دەکات، هەر شتێك کە بە ڕەهایی باسکرا و بواری پرس و ڕای تێدا نەبوو، ئەوە فتوادانە بەمانەوە و هێشتنەوەی ئەو تێکستە بە ئەزەلی و ئەبەدی، هەر لەبەر ئەمەشە کە جیاوازییەکی گەلێك گەورە لەنێوان زانست و ئاییندا دەبینیت. من ناتوانم لەمەدا لە ئیبن وەرەق باشتر لەسەری بدوێم بۆیە پەنا دەبەمەوە بەر ئەو، کە لە لاپەڕەی 7ی هەمان پەرتووکدا دەڵێت "جیاوازیی نێوان زانست و ئایین: زانیاریی زانستییانە ڕاستەوخۆ لەتەك بیروباوەڕی موسڵمانانی ئاییندارا لە چەند بوارێکدا لەبەیەکدادادان. بەڵام زۆرترین جیاوازیی بنەڕەتی لەنێوانیاندا پرسی ئەفسانەیە، سیستەمی شیکردنەوەیە، کە ئیسلام لە سەر بڕوای کوێرانە و ڕەخنە لێنەگرتنی ئەو تێکستانەی کە ئایین لەسەری بەندە، ڕاوەستاوە، لەکاتێکدا زانست بڕوا بەرەخنە دەکات، چاودێریکردن، لێداشکاندن، کەمکردنەوە لەتەك سەرئەنجامەکەیدا یەکدەگرێتەوە و لەتەك ڕاستیدا دەڕوات"

(محەمەد ئارکۆن)یش بەچەشنێکی تر دەڕوانێتە ئەو پرسە، ئەو وایدەبینێت لەبەر ئەوەی لە قورئان یا تەنانەت وتە و بێژەکانی پەیامبەریش لە نووسینەوەیدا چەندین زاری جیاجیایان کردووە و نزیکەی 400 ساڵی خایاندووە تاکو قورئان یا وتەکانی پەیامبەر، ئەم دەقەی ئێستا بەخۆیانەوە بگرن. ئەو ڕای وایە کە بەدوو قۆناخدا ڕۆیشتووە: "قۆناخی زارەکی و قۆناخی نووسینەوە. لە قۆناخی زارەکیدا وتەکان ئازاد و زارەکی بوون و دەرپەڕیوون، بۆیە دوای مردنی پەیامبەر وەختێکی زۆری ویستووە تا کۆکراوەنەتەوە و نووسراوەنەتەوە، کە نزیکەی 4 سەدەی بردووە ، کە تاوتوێ پێکراون و شتیان لێ لابراوە و شتیان بۆ دانراوە، کە جیاوازی و ناکۆکییان لەسەر بووە ئینجا ئەم شێوە کۆتاییەی وەرگرتووە" لە لاپەڕە 152 عەلمانیەت و ئایین. هەر لەم پەرتووکەدا لەلاپەڕە 142 مەبەستەکەی لەو چەند دێڕەی سەرەوە باشتر ڕوونکردۆتەوە، لەوێدا دەڵێت " باوەڕیش مێژووی خۆی هەیە، لێرەدا چەند جۆر باوەڕ هەیە: باوەڕی سەرەتایی ، باوەڕی سەدەکانی ناوەڕاست ، باوەڕی سەردەمی مۆدێرن".

ئەوەی سەرەوە لای من وا دەگەیەنێت، کە موحەممەد ئارکۆن بە ئاشکرا پێ لەسەر دوو شت دادەگرێت، جا ئیدی خۆی پێی بزانێت یا نە، یەکەمیان: قورئان لە ڕەسەنەکەی دەرچووە، لەو ماوەی 400 ساڵەدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بە وشەیەکی تر قورئان ڕەسەن نییە. دووەمیش: قورئان و ئایینی ئیسلام نوێ کراونەتەوە و دەشبێت بکرێت بۆیە باس لە قۆناخبەندی باوەڕ دەکات، واتە قۆناخی سەرەتایی و سەردەمەکانی ناوەڕاست و سەردەمی مۆدێرن.

لە ڕاستیدا نوێکردنەوەی ئایین و ئیسلامییەت کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەم کەسانە کەمایەتین و زۆربەشیان لە ئەوروپادا دەژین، لە بەرامبەر زۆرینەیەکدا کە لە زۆربەی زۆری وڵاتانی دنیادا دەژین لە هەمان کاتیشدا هاوشانی دەق و تێکستەکانی قورئان و وتەکانی پەیامبەر، حکوومەتەکانی وەکو سعوودیە و ئێران و پاکستان و ئەفگانستان و ئەندەنۆسیا و گەلێکی تریش لە میرنشین و شانشینەکان پشتگیرییان دەکەن.

جیاوازیی لەنێوان مەسیحییەکان و موسوڵمانان‌دا زۆر زۆرە، مەسیحییەکان ئەو قۆناخەیان بەجێهێشتووە، دەتوانرێت لێکدانەوەی جیاجیا بۆ پەرتووکی ئینجیل بکرێت، بەڵام هەرچی موسوڵمانانە قورئان دەقاودەق بەقسەی خودا دەزانن، بۆیە گۆڕانکاری تێدا ناکرێت، هەموو ڕەخنەیەك لە قورئان ڕەخنەیەکە لە خودا. کەچی لە مەسیحییەتدا کەسانێکی زۆر بۆ نموونە زۆربەی قەشەکانی ئینگلتەرە و ڕۆشنبیرانی مەسیحی بڕوایان وا نییە کە مەریەم پاك بووە و دەستی پیاوی بەر نەکەوتووە هەتا مارتن لۆسەریش 1483-1546 دەڵێت "ئێمەی مەسیحی خۆمان بەبێ عەقڵ بۆ هەموو جیهان نیشاندەدەین گەر باوەڕمان وابێت مەریەم دایکی ڕاستەقینەی ئەم منداڵە بێت یا بەلانی کەمەوە بڵێین پاکیزە بووە. ئەمە نەك هەر لەخۆیدا دژایەتی هۆ و هۆکارەکان دەکات بەڵکو دژایەتی دروستکراوانی خوداش دەکات، کە بە ئادەم و حەوا دەڵێت ( بەر بگرن لە زیادبووندا بن)" لا **144 Ibn Warraq, Why I am not a Muslim** هەمان سەرچاوەی سەرەوە.

قورئان پەرتووکێکە بۆ هەمووان هاتۆتە خوارەوە بەتەنها بۆ توندڕەوەکان نییە، پەرتووکێکە باس لە سەرجەمی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و چارەسەریشی بۆیان هەیە، باس لە دروستکردنی ئەم گەردوونە دەکات باس لە داهات دەکات، باس لەوە دەکات و وا دەگەیەنێت کە ناوەڕۆکەکەی ئایدیا و ڕاستییەکی ڕەهان و بەدەرن لە ڕەخنە. خستنە بەرپرسیاری قورئان پرسیارکردنە لە وتەکانی خودا، بەواتایەکی تر پرسیارە لە خودی خودا، ئەمەش یانی ڕێز لێنەگرتنی خودا خۆیەتی، ئەرکی موسوڵمانانیش گوێڕایەڵیی فەرمان و کۆڵەکەکانێتی. ئەمە لە کاتێکدا کە قورئان ئەم داواکارییەی هەیە بەڵام پشت بەهیچ ڕاستییەکی بنچینەیی یا زانستییانە نابەستێت، کەچی لەتەك ئەمەشدا ئەم پەرتووکە (قورئان) زۆر سەرنجڕاکێشە و بێ سێ‌ودوو قەبووڵیش دەکرێت و هەوڵیش دەدەن بە پیرۆزی و شکۆداری بیهێڵنەوە بێ ئەوەی پاساوی بۆ بدەن خۆ گەر پاساویشی بۆ بدەن ئەوە پشت بەشتی زانستی و تاقیکردنەوەکانی ناو تاقیگەکان نابەستن.

هەڵبەتە لێرەدا ئەو پرسیارە دەبێت بکرێت ئەی کە ئەمە بنچینە و ناوەڕۆکی قورئان بێت کە لەسەر بناخەی نازانستیانە نووسرابێتەوە و قەبووڵیش بکرێت ئەی بۆچی وا سەرنجڕاکێشە؟.

من لە سەرەوە ئاماژەم بە چەند خاڵێك کرد بەڵام ئەوەی سەرەوە زیاتر لە هۆیەکانی زیندووبوونەوەی ئایین دەدوێن نەك لە دروستبوونی. هەڵبەتە ڕا و بۆچوونی زۆر لەسەر ئەمە هەیە و زۆریشی لەسەر نووسراوە. بۆ نموونە Bertrand Russell لەپەرتووکی Why I am not a Christine کە من لە پەرتووکەکەی ئێین وەرەقەوە وەرمگرتووە لە لاپەڕە 157 دا ئەو باوەڕی وایە، ئایین لەسەر بنەما و بنچینەی ترس دروست بووە، دەڵێت " باوەڕم وایە ئایین لە سەرەتادا بە تەواوی لەسەر بنچینەی ترس دامەزراوە، بەشێکی ترسەکە لەبەر نەزانین و ناشارەزاییە، بەشێکی تریشی ئەوەیە کەوا دەخوازیت یا وات پێخۆشەکە هەست بکەیت، برایەکی

گەورەت هەیە هاوبەش و هاوپشتتە لە هەموو گیروگرفت و ناکۆکیەکانتدا. ترس بنەمای هەموو شتێکە :ترس لە شتە تەماوی و سەرلێدەرنەچووەکان، ترس لە بەزین و تێشکاندن، ترس لە مردن، ترس باوك و دایکی دڵڕەقی و بەدکارییە، هەر لەبەر ئەوە جێی سەرسووڕمان نییە گەر ئایین و دڵڕەقی و بەدکاری لەناو دەستی یەکتر بن و شانبەشانی یەکتر بڕۆن" .

(کارڵ مارکس)یش لەڕەدانەوەی فەلسەفەی هیگڵدا لە ڕوانگەیەکی ترەوە باسی ئایین دەکات و ڕەگوڕیشە کۆمەڵایەتییەکە دەکاتە کەوتنەوەی گەرای دروستبوونەکەی (دروستبوونی ئایین) هەر لەوەشەوە تەماشای لە ڕەگوڕیشە دەرهێنانی ئایین دەکات ئەویش بەڕیشەکێشکردنی ئەو بارە ناهەموارە کۆمەڵایەتییانەی کە بوونەتە هۆی خولقاندنی ئایین. گەر بەوردی سەرنج لەو ڕەخنەیەی مارکس سەبارەت بەئایین بدەیت ئەوەدەبینیت کە نەك هەر سۆزی بۆ باوەڕداران هەیە تەنانەت ئەو ئایین بەنەخۆشییەکی کوشندە نازانێت بەڵکو بەنیشانەی نەخۆشییەکەی دەزانێت، بۆیە مارکس بەپێی تێکستە ئینگلیزییەکەی ئاوا پێناسەی ئایین دەکات، کە منیش لێرەدا دەیکەمە کوردی "پەژارەی پەنابردن بۆ ئایین دەربڕینی نیگەرانییەکی ڕاستەقینەیە و لە هەمان کاتیشدا ناڕەزایی دەربڕینیشە لە دژی نیگەرانییەکی ڕاستەقینە. ئایین ئاە و حەسرەتی ، یا هەناسەی ساردی بوونەوەرێکی سەرکوتکراو یا ستەملێکراوە. دڵی ئەم جیهانە بێدڵەیە ( جیهانی دڵڕەق و بێبەزەیی) هەروەکو چۆن گیانی(ڕۆحی) بارودۆخێکی یا هەلومەرجێکی بێگیانە. ئایین تلیاکی خەڵکە. لەباربردنی یا هەڵوەشاندنەوی بەختیارییەکی وەهمییانە (ناڕاست)ی خەڵکەکە داخوازی بەختەوەرییەکی ڕاستەقینەیان بۆ دەکات. داخوازیش بۆ وەلاتانی (تەرککردنی) وەهمەك سەبارەت بە هەلومەرجەکەی (هەلومەرجی وەهمەکە) ئەویش داخوازییە بۆ وەلاتانی ئەو هەلومەرجەیە کە وەهم پێویستێتی"

واتە دەکەوینە بەردەم چارەسەری دووهەمەوە کە پاساودان و تەفسیر کردنێکی تری ئەهوەنانەیە بۆ قورئان و بۆ وتەکانی پەیامبەر. فرە کوێخایەتیش لە ئیسلامدا و هەبوونی شیعە و سوننەش لە ئایینی ئیسلامدا نەك هەر ڕێگا نادات بەمۆدێرنکردنی بەڵکو ڕێگریشە لە هەبوونی تەفسیرێکی یەکگرتوو بۆ ئایین و قسەکانی پەیامبەریش. هەر بەم هۆیەوە من پێموایە، ئایینی ئیسلام لە قەیران و تەنگژەیەکی گەلێك گەورەدایە بۆیە نە دەتوانێت خۆی نوێ بکاتەوە و نە بەدەقێکی 1400 ساڵ لەمەوبەریشەوە دەتوانێت لەتەك کۆمەڵگەی سەردەمدا هەڵبکات. ڕاستە ئیستا ئایین بە حوکمی ئەو خاڵانەی سەرەوە لە کەفوکوڵدایە و بەهێزە بەڵام لە پەلەقاژێی مەرگدایە و پاشەڕۆژی نییە. ئایین لەسەر بنچینەی لۆجیك و جەدەل دروست نەبووە، هەموو شتەکان لای ئەو بڕاوەنەتەوە و قبووڵی لێدوان و مشتومڕ ناکات. Richard Dawkins لە یەکێك لە پەرتووکەکانیدا بەناوی The God Delusion لە لاپەڕە23دا لە پشتگریی (سەلمان ڕوشدی)دا دەڵێت" سەرجەمی کرۆکی باوەڕداران بەهێزی و پیرۆزی و شکۆدارکردنی ئایینەکەیانە، ئەمەش بڕوا ناکاتە سەر پاساودانەوەی ماقوڵانە. بەشەکەی تری کە ئێمەین چاوەڕوانمان لێدەکرێت کە بەرگری لە غەدرمان دژی کەسێك (Prejudice) بکەین. بەڵام ئەگەر پرسیار لە کابرایەکی ئاییندار بکەیت تاکو پاساوی یا شەرحی بڕوا و ئیمانەکەی بکات، ئەوا پێیوایە پاسای سەربەستی ئەو کەسە ئیمانداریەت شکاندووە". ئایین دەستەبەری مانەوەی ئەو زەمینانەیە کە خودی ئایینیان خولقاندووە و کردوویانە بە هێزێکی کۆمەڵایەتی گەورە و بووەتە هێزێکی ترسناك کە زۆربەی ئایەتەکانی قورئان یا بە هەڕەشە دەستپێدەکەن یا بە سزادان کۆتاییان دێت.

گەرچی کە لە سەرەوە ئاماژەم بە قسەیەکی Russell بە کورتی کرد سەبارەت بە ئایین و ترس، ئایین و دڵرەقی و خراپەکاری، ئێستاش دەتوانم زیاتر تیشک بخەمە سەر ئەوە بە هێنانەوەی قسەی کەسانیتر و بەڵگەی مێژویی، کە دەتوانین هەموو ئەمانە بە بەڵگە بۆ بەرپەچدانەوەی ئەوانەی کە دەڵێن ئایین: بووەتە هۆی ڕاگرتنی ئاسایش، وەستانی خەڵك لە کوشتن و بڕین و دزی و تاڵانی و دەستدرێژیکردنە (لاقەکردن) سەر ئافرەت و منداڵ و کەمئەندام و بێتوانایان ..هتد گوایە ئایین نەمێنێت ئیدی کۆڵەکە و دیواری ویژدان و ڕەوشت و مرۆڤایەتی هەمووی هەرەس دەهێنێت، بەکورتییەکەی ئەمان دەڵێن گەر ئایین نەمێنێت ئیدی دنیا ئاخر دەبێت.

ئیبن وەرەق لەلاپەڕە 157ی هەمان پەرتووکدا کە دەتوانم بڵێم قسەکەی Russell تەواو دەکات، دەڵێت **" ترس دواجار لەژێر نێڵەی کاری نامرۆیانەدا ئەخلاق بۆگەن دەکات، کە بەدووره لە پاکی و بەرژەوەندی تایبەتی، بۆ خۆپاراستن لە ئەشکەنجەدانی دۆزەخ کە بۆ باوەڕداران لەو ڕاستییە کەمتر نییە لە دڵخۆشبوون بە نەشتەرگەرییەکی جوانکردنەوە کە بەناوی بەهەشتەوە ناو دەبرێت"**

جورج بێرناردشۆش لە بۆنەیەکدا جارێك وتوویەتی " لە ڕاستیدا بەختەوەری ئەو بڕوادارانە لە گوماندارێك (واتە لەخودا) ، زیاتر نییە لەو ڕاستیەی کە پیاوێکی سەرخۆش بەختەوەرترە لە کەسێکی ئاسایی (ناسەرخۆش) " لاپەڕە **167The God Delusion, By Richard Dawkins .**

ئیبن وەرەقیش درێژە بەم باسەدەدات و لەلاپەڕە 180 دا دەڵێت" هەر ئەوەندەی دەستە و دامەزراوەیەکی ئایینیت هەبوو هەروەکو **Kant** و **Paine** وتوویانە بەبێ هیچ گومانێک تۆ فەرمانڕەواییەکی دڵڕەقی بەدفەرت هەیە، هزرێکت هەیە کە لە غیابی ڕەخنەی عەقڵیانەدا پەنای هوشیاری و پێشکەوتنی ئەخلاق نادات. لە حکوومەتێك یا سیستەمێکی ئیسلامیدا خوا و فەرمانڕەوایەتییەکەی ڕەهایە. قسەو وتەکانی لە سنووری ڕەهایەتیش دەترازێت، بەبێ مشتومڕکردن، بەبێ گومان، بەبێ پرسیار و تێڕامان. ناتوانین گلەییەك لە هەقی خودا بکەین، هەوەها ناتوانین هەقی ڤیتۆ لە ڕایەکانی خودادا بەکار بهێنین. خوای موسوڵمانان دیمۆکراتی نییە، ناتوانین لێی ڕزگارمان بێت وەکو چۆن لە سیستەمێکی دیمۆکراتیدا دەتوانین لەو مرۆیەی کە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە، ڕزگارمان بێت. خۆ گەر دەسەڵات گەندەڵ بێت ئەوە دەسەڵاتی ڕەها بەڕەهایی گەندڵە".

Hamilton Gibb سەبارەت بەهەمان مەسەلە دەڵێت " خوا وەستایەکی زۆر شارەزایە، ئەو پیاوەیە دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە ، بوونەوەرەکانی هەمیشە لە ترس و خەتەری ژێر ڕەحمەتی یا تەواوی تورەیی ئەودان، ئەمەش بناخەی دیراسەی موسوڵمانانە لەسەر سروشتی خوا و پرنسیپەکانی ئەخلاق" **پەرتووکەکەی** ئیبن وەرەق لاپەڕە 157.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەو کاتەوەی کە ئایینی ئیسلام و جوولەکە و مەسیحی دروستبوون و هاتوونەتە ژیانی خەڵکەوە تاکو ئێستا ئەو هەموو کوشتوبڕە بە کۆمەڵییە، ئەوهەموو ترساندن و زیندانە، ئەو هەموو هەڵکەندن و گواستنەوەی خەڵکی لە ڕێوشوێنی خۆیان، ئەو هەموو سزا

توندوتیژ و دڵڕەقانەی کە ڕوویانداوە و بەکارهاتوون هەمووی خەڵکانی دیکتاتۆری ئایینداریا پارت و ڕێکخراوی ئایینی چ جڵەوی دەسەڵات و دەوڵەتیان بەدەستەوە بووبێت یا لە دەرەوەی دەوڵەت و دەسەڵات بووبن، کردوویانە. هەر چاوێك بەچەند ساڵی پێشوودا یا کۆنتر بگێڕین بە دەیان نموونە دەتوانین بهێنینەوە. سەددام حسەین هەتا دەستی نەکرد بە جەنگ لەتەك ئێراندا نەبوو بە ئیسلام بەو واتایەی کە قورئان بخوێنێتەوە و نوێژ بکات و ڕۆژوو بگرێت و سەردانی مزگەوتەکان بکات و بودجەیەکی گەورە بۆ دروستکردنی مزگەوتی تازە یا تازەکردنەوەی مزگەوتە کۆنەکان، تەرخان بکات، ئەو شەڕەی لەتەك ئێراندا کرد و ناویشی نا جەنگی قادسییە. لە جەمسەرەکەی ئەو سەریشەوە خومەینیش کە کەوتە جەنگەوە، هەر بەناوی ئیسلامەتی و هەم بۆ ئیسلامیش بوو، لە سەر سوورەتەکانی قورئان و وتەکانی پەیامبەر دەڕۆیشت.

سەددام کە کوردی ئەنفال کرد نەك هەر بەناوی ئایینەوە بوو هەندێکیش لە زانا و مامۆستا ئایینییەکانیش بانگەوازی بێئایینیبوونی کوردیان کرد، ناوی ڕاگواستنی دێهات و شارۆچکەکان و وێرانکردنیانی لە سوورەتی ئەنفال و ناوەڕۆکەکەیەوە وەرگرتبوو. هەر سەددامی موسوڵمان نەبوو کوشتاری لە شیعەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دروستکرد و کوردستانیشی کیمیاباران کرد.

تالیبان و ئەلقاعیدەش کەڵکیان لەسوورەتەکانی قورئان و پێڕەوکردنی لە کوشتوبڕی خەڵکدا، بینیوە و تا ئێستاش دەیکەن. هەر تالیبانەکان نەبوون کە بتەکانی بوزایان لەBamiyan وردوخاش کرد. هەر موجاهیدینەکان نەبوون لە هەشتاکاندا بەتۆپ بێ دەستپاراستن لە ژن و پیر و پەککەوتە و منداڵانی بێتاوان، کابولیان دەدایە بەر تۆپ و ئارپیجی. هەر حەماس و پارتولا نەبوون و نین خۆیان یا سەیارە دەتەقێننەوە خەڵکانی هەژار و بێدەرەتانی ئاسایی دەکوژن.

جوولەکەی ئەرسەدۆکسیش هەموو بەیانییەك کەلە خەو هەڵدەستێت وا فێرکراوە کە بە دەنگی بەرز ڕۆژانە بیڵێتەوە" ستایش بۆ تۆ (بۆ خوا) کە نەتکردووم بە غەیری جوولەکە، ستایش بۆ تۆ کەنەتکردووم بە ژن، ستایش بۆتو کە نەتکردووم بە بەندە" لاپەڕە 259 لەپەرتووکی The God Delusion. کە جوولەکەیەك ئەمە هزرینی بێت چۆن دەتوانێت لە دروستکردنی کوشتارێك کە پێویست بێت بۆ بەرژەوەندی خۆی و حوکمڕانانی دەوڵەتی ئیسرائیل و پاراستنی، سڵ بکاتەوە، ئیدی چۆن سەبرا و شاتیلای فەلەستین ڕوونادات؟ چۆن کارەساتەکەی شاری جەنینی فەلەستین و هێرشە دڕندانەکەی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان 3 ساڵ لەمەوبەر ڕوونادات؟ چۆن کوشتارەکەی ئەم دواییەی غەززەی فەلەستین کە 1600 کەس لە غەززە و 13 کەسی ئیسرائیلیش کوژران، ڕوونادات؟

کە (بەریتانیا)ش (هیندستان)ی بەجێهێشت و دواتریش پاکستان لەدایك بوو، گەرچی ئەم دروستبوونە خواستێکی دوورودرێژی کۆمەڵە یا گرووپی موسوڵمانان بوو کە لە ساڵی 1906 دا لەسەر دەستی موحەمەد عەلی جەناح دا دروستبوو، پێشڕەوایەتی ئەم خواستە نەتەوەیی و ئایینیەی دەکرد، کەچی پرسەکە زیاتر بەلایەنی مەزهەبی و ئایینیدا شکایەوە و ئەمەش بووە هۆی گەلێك ڕوداوی دڵتەزێن. با لەدەمی (ئەحمەد ڕەشید)ەوە بیگێڕینەوە کە لە پەرتووکە تازەکەی ، Descent into chaos دا دەڵێت " ملیۆنەها لە هیندەکان و سیخەکان کە لەپاکستاندا دەژیان بەرەو هیندستان ملیان نا ، لە کاتێکیشدا کە موسوڵمانەکانی هیندیش بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوای پاکستان کۆچیان دەکرد . 12 ملیۆن خەڵکی سەرلێشێواوماڵیان دەگواستەوە، لەنێوان 500.000 کەس بۆ ملیۆنێك کەس لە جەنگێکی سکتاریانەدا کوژران. پاکستان لە گۆمی کینە و ڕق لێکهاتنەوەی کەمایەتیەکانەوە دروست بوو، لە کاتێکدا کە بە ملیۆنەها موسوڵمان دەیانویست

لە هیندستانێکی سکوێلاردا بمێننەوە. دەوڵەتێکی نوێی نەتەوەیی لە ڕێگەیەکی تراژیدییەوە دەستپێکرد ، هەر لەو کاتەدا پرسیارێك دروست بوو".

خۆگەر چاو بە ڕابوردووشدا بگێڕیتەوە ئەوە هەر دروستبوون و بڵاوکردنەوی ئاینی ئیسلام بە جەنگ و غەزا دەستپێکرد کە ئەمەش دواتر لەسەر دەستی ئەمەوییەکان و عەباسییەکان و دواتریش شەڕی نێوانی سەفەوی و عوسمانی، بە ملیۆنان خەڵك کوژران و کەمئەندام و زەدەبوون، یاخود لە شوێن و ڕێگای خۆیان هەڵکەنران. خۆ ئەم کوشتارانە لەسەر دەستی ئاینی مەسیحیشدا ڕوویداوە، بەڵام باسەکەی من لەسەر ئیسلام و ئاینی ئیسلامە بۆیە لێرەدا من ناچمە ئەو وردەکارییەوە.
کێیە کە گوتەی مەترسیداری نابەرپرسانە دەدات کە دەڵێت "**گەورەترین تێکدەری ئاشتی جیهان منداڵ لەباربردنە**" **کەچی خەلاتی نۆبێل بۆ ئەم ڕاو و بۆچوونە وەردەگرێت**. ئەوە کەسێکی بێئایین و خوانەناسە یا دایکە ترێسەی مرۆڤپەروەر و بە ئایینە؟
کێ بوو لەسەر دەستیدا جەنگی جیهانی دووهەم ڕوویدا؟ کابرایەکی ئایینی مەسیحی یا کابرایەکی بێئایینی بێبڕوای خوانەناس؟ بێگومان هیتلەری ئاییندار بوو.
Steven Weinberg کە زانایەکی ئەمەریکییە و لەبواری فیزیاداخەڵاتی نۆبیلی وەرگرتووە، دەڵێت" **ئایین سوکایەتیکردنە بە کەرامەتی مرۆڤ. بەبێ ئایین و بە هەبوونیشی تۆ خەڵکانێکی باشت هەن کە کاری باش دەکەن و خەڵکانێکی خراپیشت هەن کە کاری خراپ دەکەن، بەڵام بۆ خەڵکانی باش کە کاری خراپ بکەن ئایین هۆیەکە".**
Blaise Pascal یش شتێکی لەو چەشنە ی وتووە" **پیاوان کاری وا بەد بە کاملییەوە و بە ئاگاییەوە ناکەن، کاتێك کە دەیکەن لە بڕوای تەواو بە ئایینەوەیە**" **The God Delusion,** **Richard Dawkins** ، لاپەڕە 249.

هیتلەریش وەکو گەلێکی تر ئایینی بووە، ڕاستە گەلێك هۆی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کێشمانکێشی نێوان وڵاتەکان بووە هۆی ڕوودانی جەنگی جیهانی دووەم بەڵام لەسەر دەستی هیتلەردا ئەوە هەڵگیرسا و باوەڕداریێتی ئەویش یارمەتیدەرێکی گەورەبوو بۆ دروستکردنی ئەو کوشتارە مرۆڤییانەی کە ڕوویدا بەتایبەت دژی جوولەکە.
هیتلەر هێشتا هەر کە زۆر لاو بووە ئایینی بەتوندی گرتووە و تێڕوانینی سەیری هەبووە. بڕوانە لە خەباتی من Mein Kampf سەبارەت بە هیتلەر دەڵێت هەر کە بیستی کە جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا، ئەمەی وت " **لەسەر ئەژنۆم چۆکم دادا و سوپاسی بەهەشتم، سەرووەرەکەم کرد ..................بەو چاکەیەی کە بە من دراوە کە مۆڵەتی ئەوەم پێدراوە لە زەمەنێك و زەمینێکی ئاواوادا بژیم**" ئەمەی لە 1914 دا وتووە کە تەمەنی تەنها 25 ساڵ بووە بەڵام لە ساڵی 1920 کە تەمەنی 31 ساڵ بووە برادەرە نزیکەکەی کە Rudolf Hess بووە کە دواتریش بوو بە جێگری لە نامەیەکیدا بۆ سەرۆك شالیارانی Bavaria دەڵێت " **من Herr Hitler بەشەخسی و بە باشی دەناسم زۆریش نزیکم لێی. ئەو کاراکتەرێکی نائاسایی بەڕێزی هەیە هەروەها گەلێکیش میهرەبانە، ئیماندارە و کاسۆلیکێکی باشیشە**" لاپەڕە 273 - 274 .، هەمان سەرچاوە.
Dawkins زیاتر تیشك دەخاتە سەر ئەم لایەنەی ژیانی ئاییندارێی هیتلەر، بۆیە پەنجە بۆ هەندێك لە قسەکانی، نامەکانی ، نووسینەکانی ڕادەکێشێت. هەر لەهەمان لاپەڕەدا دەڵێت " لە گوتەکەی بەرلینی 1933یدا، **هیتلەر وتی : ئێمە قەناعەتمان هەیە کە خەڵکی پێویستێتی و**

داوای ئەم باوەڕ و ئیمانەش دەکات. هەر لەبەر ئەمە ئێمە هەڵدەستین بەجەنگی دژ بەبزووتنەوەی بێئاییینەکان، ئەوەش نەك بەبانگهێشەکردنی تەنها لە ڕێگای تیۆرییەوە، ئێمە دەیان پروێنین" لەساڵی **1941** یشدا بەسەرکردەی هێزی سەربازی وت: من بۆ هەمیشە بە کاسۆلێکێتی دەبێت بمێنمەوە" لاپەڕە 274.

ئەمە یەکەم وتاردانی نەبووە و یەکەم نووسینیشی نەبووە کەوا بەو ڕاشکاوییەوە باس لە پتەوی بڕوای خۆی بە ئایین بکات. لە یەکێك لە وتاردانە بەناوبانگەکانی ساڵی 1922یدا چەند جارێك ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە ئەو مەسیحییە دەڵێت: "وەکو مەسیحییەك هەستم ڕووی پێ کردمە سەروەرەکەم، پەیامبەرەکەم وەکو جەنگاوەرێك، ڕووی پێ کردمە پیاوێك لە وەختێکدا بوو کە تەنها بووم ، ئەویش بە موالییەکانی (ئەوانەی کە دوای کەوتبوون) حاتە درابوو، دەرکم بەوە کردبوو کە ئەم جوولەکانە بۆچی و بەرەو کوێ و !! بانگی پیاوان بکەم کە شەڕیان لە دژ بکەن، ڕاستگۆیەتی لەتەك خوادا گەورە ترە نەك لەوانەی کە ئازار دەچێژن بەڵکو لە جەنگاوەران. لە خۆشەویستییەکی بێسنوور وەکو مەسیحییەك ، وەکو پیاوێك ئەیخوێنمەوە لە دەروازەی ئەو پرۆسێسەوە کە پێمان دەڵێت چۆن سەرەنجام سەروەر هەڵکشا بە دەسەڵاتەکەی خۆی ئەوانەی کە بونەتە مایەی گیروگرفت لە پەرستگەکەیان دەریانپەڕێنێت، ئەوانەی وەکو ئاژەڵێك، مار، خۆیان حەشارداوە. چەند گرنگە جەنگەکەی (جەنگی سەروەر) بۆ جیهان دژی جوولەکە ژاراوییەکان. لە دوای **2000** ساڵەوە تاکو ئەمڕۆ، بەسۆزێکی قووڵەوە زۆر بەقووڵی لە هەمیشە زیاتر دەرك دەکەم بەو ڕاستییە، کە ئەوە بووە، ئەبووایە خوێنی بەسەر خاچەکەدا بڕشتایە. وەکو مەسیحییەك بەئەرکی نازانم کە لە خۆم بگەڕێم هەڵبخەڵەتێنرێم، بەڵکو ئەرکی سەرشانمە کە ببمە جەنگاوەرێك لە پێناوی ڕاستی و دادا....خۆ ئەگەر شتێکیش بتوانێت ئەوە بخاتە بەرچاو کە ئێمە کارێکی ڕاست دەکەین ئەو پەژارە و نائارامییەیە کە ڕۆژانە لە زیادبووندایە، بۆ مەسیحییەکی وەکو من، بۆ خەڵکەکەم، دیسانەوە ئەمە ئەرکی سەرشانمە" **لاپەڕە 275 هەمان سەرچاوە.**

Dawkins باوەڕی وایە ك هیتلەر هەندێك وشەی لە مارتن لۆسەرەوە وەرگرتووە (داوکینز مەبەستی لە کاریگەری و بەهێزی وشەکانە، نەك ئەوەی لوسەر وەکو هیتلەر بیری کردبێتەوە) هەر بۆیە لە هەمان لاپەڕەدا پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە هیتلەر ئەمەی بەرێککەوت نەوتووە چونکە لە Mein Kampf دا دەڵێت" ئەمڕۆ من باوەڕم وایە کە من بەپێی ویستەکانی دەسەڵاتداری بێپایانی دروستکەری بوونەوەران دەڕۆم: بەبەرگریکردن لە خۆم دژی جووەکان ، من لە پێناوی کار و فەرمانەکانی سەروەردا دەجەنگم" ئەمەی لەساڵی 1925 دا وتووە.

لێرەدا ئاییندارەکان، باوەڕدارەکان، ڕەنگە پرسیاری ئەوە بکەن بڵێن خۆ ستالین بێئایین بووە و ئەو هەموو خەڵکەشی کوشتووە.

گومان لەوەدا نییە کە ستالین و هیتلەر هەردووکیان دڵڕەق بوون و کوشتارێکی گەورەیان دروستکردووە بەڵام وەك Dawkins یش دەڵێت تەنها بەڵگەیەکی بچووکیش نییە کە بێئایینی پاڵی بەستالینەوە نابێت بۆ دروستکردنی ئەو قەتڵوعامەی کە کردوویەتی .

ئەم لێکدانەوەی سەرەوە بەرەو پرسیارێکی زۆر گەورەمان دەبات کە تا ئێستا دەسەڵاتدارەکانمان، حکوومەتەکانمان یا بیریان لێنەکردۆتەوە یا بەئەنقەست فەرامۆشی دەکەن لە بەرامبەر بەرژەوەندی ئابووری و ڕامیاری خۆیاندا، پرسیارەکەش ئەمەیە: ئایا لۆمەی ئایین بکەین یا هەڵگرانی ئایین؟ بەواتایەکی تر بۆ بەرگریکردن لە خۆمان یا بۆ چارەسەرکردنی ئەم

کێشەیە دەبێت جەنگ دژی خودی ئایینەکان بکەین یا هەڵگرانی؟ هەر ئەمەش دەمانباتە ناو بەشێکی تری ئەم باسەوە.

ئایین: ئایین و لۆمە، ئایین و تیرۆر، ئایین و جەهل

ئەو دیاردەیەی کە ئەمڕۆ دەیبینین نەك هەر لە بریتانیادا بەڵکو لە هەموو ئەوروپا و ئەمەریکا و کەنەدا و سەرجەمی وڵاتانی تریش ئەوەیە کە زیاتر باس لە ئایین دەکرێت و (دواتر دێمەوە سەر ئەم باسە) بە پیرۆزی دەهێڵرێتەوە ودەستی لێنادرێت ئەمە بێ لەوەی کە کاتێك هەڵگرانی ئەم ئایینە کارێکی خراپ دەکەن، بە بەردەوامی پاساویشی بۆ دەدرێت. بە واتایەکی تر ئایین دادەبڕێنن لە هەڵگرانی، دایدەبڕن لەو هەلومەرجە ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی، کە ئەم خەڵکەی بە"ئایین" سەرمەست و هیوادار کردووە، هەر لەمەشەوە لەبری هەوڵدان بۆ چاککردنی ئەو هەلومەرجەی سەرەوە و هێرشکردنە سەر خودی ئایینەکان بەڕەخساندنی هەلی مشتومڕ لە بوارە جیاجیاکانی میدیادا و دانانی بودجەیەك بۆ پرسی بەرپەرچدانەوەی ئایین بە شێوەیەکی زانستیانە و دەرکردنی لە خانەی پیرۆزی و تابۆییبوونی، گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن. لەبری ئەمانە، کەچی هێرش دەکەنە سەر هەڵگرانی. ئەمڕۆ کەسێ نییە نەزانێت کە زۆربەی زۆری حکوومەتەکانمان لە جەنگێکی گەورە دان چ بەشاراوەیی و چ بە ئاشکرا لە ژێر ناوی" جەنگی دژە تیرۆر" کە لەم جەنگەدا تەڕووشکی تێدا دەسوتێنرێت، لە زۆر وڵاتدا خەڵکێکی زۆر بوونەتە قوربانیی دەستی ئەم جەنگە، هەر ئەمەش کراوە بە بیانوویەك بۆ دروستبوونی زۆر یاسای نامرۆڤانە لە هەندێك وڵاتدا کە بازنە و مەودای سەربەستی و ئازادییەکانی تاکەکانی ئەو وڵاتانەیان بەتەواوی بچووك کردۆتەوە و ئەمەش بووەتە هۆی قورسکردنی ژیانی ئاسایی ڕۆژانەمان: هەر لە بازاڕکردنی ئاسایی، لەسەر کار، لە سەفەرماندا، لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەماندا، هەتا لەو کاتانەشدا کە دەمانەوێت لە باڕەکاندا یا لە چێشتخانەکاندا بەخۆشی بیبەینە سەر.

گومانی تێدا نییە کە ئیسلام وەکو ئایین لە دوای کارەساتی دڵتەزێنی 11-09 -2001 وە لەسەر ئاستی جیهانی گەلێك بەهێزتر بووە لە پێشتر، وەکو بزووتنەوەیەك هەم وەکو بیروباوەڕێکیش بەتایبەت لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا، کە ئا لێرەدا دوو پرسی سەیر دەبینم: یەکەمیان : پاش زیاتر لە هەشت ساڵ " جەنگی دژە تیرۆر" دەبووایە ئایینی لاواز بکردایە کەچی بەهێزی کردووە. دووەمیش : سەیر تر لەوەی یەکەمیش ئەو حکوومەتانەی کە خۆیان بە حکوومەتێکی ئیسلامی دەزانن کەچی جەنگی تیرۆری ئیسلامی دەکەن. لەکاتێکدا ئەم دوو پرسە دەبینین هیچ یەکێك لەم حکوومەتانە چ ئیسلامی و چ غەیرە ئیسلامی بەتاکتیك و ستراتیجیەکانیاندا ناچنەوە!! پرسیارێك لە خۆیان ناکەن بۆ گرتنەبەری ئەم ڕامیاریە کە کار ناکات و سەرنەکەوتووە و تاکەی لەسەر ئەم زەرەر و زیانەی مرۆڤی و ئابووری بەردەوام دەبن؟

بە بڕوای من دەوڵەتەکان و ڕامیاران لە گێلییەوە نییە کە لەسەر ئەم ڕامیارییە بەردەوامن، بەدڵنیاییەوە دەڵێم کە ئەمان وەکو چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتەکانی تر ڕەگوڕیشەی پرسەکەیان نەگرتووە، بۆیە لە پێڕەوانی ئایینەوە (لە باوەڕدارانەوە) دەستپێدەکەن نەك لە خودی ئایینەکە خۆیەوە لە پاڵ ئەو هەلومەرجەی کەوا ئایینی کردووە بە مەڵهەمی دەردی ملیۆنان دەردەداران یا کردوویەتی بەهیوای گەشی ملیۆنان نەگبەت و بێچارە و نائومێدان.

Dawkins  سەبارەت بەمە لە هەمان پەرتووكدا لەلاپەڕە 304 دا دەڵێت  " ڕامیارەكانی ڕۆژئاوامان لە ناوهێنانی  پیتی R بۆ وشەی ( Religion ) خۆیان دەپارێزن، لەبری ئەوە، نەبەردەكەیان بە جەنگی دژە"تیرۆر" ناو دەبەن، هەر وەكو تیرۆر جۆرێك بێت لە ڕۆح یا هێزێك، لەتەك خواست و هۆش (Mind )ی كەسەكەدا بێت.  یاخود وا ناو لە تیرۆریست دەهێنن یا وێنەی دەكێشن كە بەڕاستی"شەیتان" پاڵپێوەنەری بێت.  بەڵام ئەمانە لەلایەن شەیتانەوە هاننەدراون. بەهەرحاڵ گەروا بیریش بكەینەوە هەرچۆنێك بە خراپیی ئاراستەكرابێتن، ئەوان پاڵیان پێوە نراوە، هەر وەكو مەسیحییە مرۆڤكوژەكان كە ئەو دۆكتۆرانەی كە بەكاری لەباربردنی ساوایان لە سكی دایكدا هەڵدەستن، دەیانكوژن. ئەوەی كە ئەم كارەیان پێدەكات و  بەئاگا دەبن لێی ، ڕاستی پرسكەیە لایان، دڵسۆزییانە بۆ ئەو كارانەی  كە ئاینەكەیان پێیان دەڵێت".

لە ڕاستیدا ئەمەیە كرۆكی پرسكەیە، ئەگینا تاكو ئەو كاتەی كە مرۆڤەكە دەبێت بە كەسێكی توندڕەو  كار و هەڵسوكەوتەكانی وەكو هەموو كەسێكی تری ئاسایی ئاساییین. ئەوە قورئانە كە پەرتووكی پیرۆزی موسوڵمانانە و ڕۆحی ئیسلامە كە قەبوڵی نایەكسانی دەكات، بەندایەتی و خاوەنبەندیی قەبووڵكردووە و دەكات، ساماندار و بێسامان، بووە و نەبووە بۆ هەمیشە دەهێڵێتەوە، هەر ئەو پەرتووكەیە كە نیوەی كۆمەڵگەی مرۆیی بەلاواز (زەعیفە) و بە زاڵم و بە شەیتان ناو دەبات و هەر لەسەر ئەم بناغەیەشە كە مامەڵەی تەواوی پیاوانی، وێنە و  كڵێشە كێشاوە و داوایان لێدەكات كە چۆن بجووڵێنەوە لەگەڵیاندا.
تا ئەو كاتە كە ئاینی ئیسلام هات خەڵكی لە بیابانی عەرەبی و لە مەككە و مەدینە بە جوولەكە و مەسیحی و بێئاینەكان بەیەكەوە بەتەبایی و بەئاشتی دەژیان و خوایەكانیان دەپەرست.  خەڵكانی بیابانی عەرەبی  هەر خێڵە و بنەماڵەیەك بتی خۆیان هەبوو دەیانپەرستن، بەڵام كە ئیسلام هات ڕێگا بەهیچی دی نەدرا كە بپەرسترێت جگە لە خوا.  جا كە ئاینی ئیسلام ئەمە جەوهەر و لێكدانەوە و بۆچوونی بێت ئیدی چۆن بەرهەمهێنەری سەدان و بگرە هەزاران كەس نابێت، تاكو ئەوەی خراپە بتوانن بیكەن.  لەم لاشەوە بەسەدانی تر دروست دەكات كە هانی خەڵكانێك بۆ جیهاد كردن بدەن.  وەكو ئەبولئەعلا مەودوودی و حەسەن ئەلبەننا و سەیدقوتب و تەقیەدین نەبەهانی و وەهابییەكانی كۆن و نوێ و  خومەینی و تالیبانەكان و  شێخ ئەبوحەمزە و شێخ عومەر بەكری و ئوسامەبن لادن و گەلێكی تریش، كە لە ڕاستیشدا ئەمانەن بە خۆیان و ڕێكخراو و پارتەكانیانەوە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ئیسلامیان كردووە و دەكەن.  هەر ئەمانن كە بە تەواوی  لە قورئان و وتەكانی پەیامبەر گەیشتوون و هەر ئەمانیشن كە بە جیددی دەیانەوێت بیخەنە پراكتیكەوە. ئەمانن ئیسلامی ڕاستەقینەن و بەموو لەتێكستەكانی قورئان لانادەن و ئامادە نین سازشكاری بكەن نە سەبارەت بەخودی قورئانەكە و نە لەتەك خەڵكەكە و حكوومەتەكانیشیاندا.

من لێرەدا بەپێویستی نازانم سوورەتەكانی قورئان بهێنمەوە بۆ بەرگریكردن لەوانەی كە لە سەرەوە باسم كردن كە قورئان لە سەرەتاوە تا كۆتاییكەی پڕە لە بەكارهێنانی وشەی شەڕ و كوشتن و بڕین و ڕق و كینە و ترس و تۆقین و غەزا و داگیركردن و غەنیمە و مامەڵەی ناشیرینی ئافرەت و ....زۆری تر، چونكە لە ئێستادا دەستپێڕاگەیشتنی قورئان بەزمانی كوردی زۆر ئاسانە و هەمووانیش دەتوانن بۆ ڕاستی و ناڕاستی ئەوانەی سەرەوە، چاوێكی پیادا بخشێنن.  بەڵام ڕەنگە گەلێكمان بەئاگا نەبین لە نووسین و قسەكانی گەلێك لەوانەی كە ناونووسم كردوون، بۆیە بە پێویستی دەزانم پەنجە بۆ چەند نموونەیەك لە قسەكانیان ڕاكێشم..

ئەبولئەعلا مەودوودی، کە کابرایەکی موسوڵمانی پاکستانییە و بیردۆزێکی ئیسلامییەکانە و دامەزرێنەری پارتی جەماعەتی ئیسلامییە، سەبارەت بەئایینی ئیسلام دەڵێت "ئیسلام ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەیە و سیستەمێکە بۆ لابردنی حکوومەتەکان. لە هەوڵی هەڵگێڕانەوەی هەموو یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکاندایە" لاپەڕە 36 , The Islamist By ED Husain

سەید قوتب، کە لە ساڵی 1949دا کە حەسەن ئەلبەننا کوژرا چووە جێگاکەی و بوو بە سەرۆکی پارتی ئیخوان ئەلموسلیمین، ئەمیش لە هەمان مەداری ڕامیاریدا دەسوڕێتەوە و هەمان هەڵوێست و ئامانجی هەیە. دیارە یەکگرتنەوەی ئەم لەتەك مەودوودیدا یا ئەوانەی پێش خۆی و دوای خۆشی بەڕێککەوت نییە بەڵکو هەر هەموویان بیر و ئایدیایان لەیەك سەرچاوەوە هەڵهێنجاوە، کە ئەویش قورئانە. لای سەید قوتب ئیسلام تەنها بیروڕایەکی وشکهەڵهاتووی مردوو نەبووە و نییە بۆیە دەڵێت " ئیسلام بانگهێشتنی سەربەستی پیاوە لە دەسەڵاتی پیاوان، هەر لەبەر ئەمەشە هەر لە سەرەتاوە لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو سیستەم و حکوومەتانەن کە بنگەیەکن بۆ دەسەڵاتی پیاو بەسەر پیاودا" لاپەڕەی 50 هەمان سەرچاوەی سەرەوە. سەید قوتب پێ زیاتر لە سەر ئەم پرسیە دادەگرێت تا ئەو ڕادەیەی کە دەڵێت: حکوومەتی خودای مەزن لە سەر زەوی خودا. دواتریش مەودوودی هەمان مەبەستی بەم شێوەیە داڕشتەوە "یاسای خودا لەسەر زەوی خودا ".

تەقیەدین نەبەهانی، کە دامەزرێنەری پارت ئەتتەحریرە لە زۆربەی زۆری نووسینەکان و قسەکانیشیدا مشتومڕ لەسەر ڕوخاندنی تەواوی پێکهاتەی ڕامیاری هەبوو دەکات و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت بەتایبەت لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا تا ئەو ڕادەیەی کە سیستەمێکی خەلافەتی شوێنی بگرێتەوە. نەبەهانی هیچ جۆرە سازشێکی نەکردووە زۆر بە ئاشکراش نەك هەر ڕای خۆی دەربڕیوە بەڵکو ناوەڕۆك و ڕواڵەتی ڕاستەقینەی ئیسلامیشی خستۆتەڕوو بۆیە دەڵێت "ئیسلامییەکان مامەحەمەیی بۆ خەڵك ناکەن، موجامەلەی دەسەڵاتیش ناکەن هەروەها بەتەنگ فەرهەنگ و نەریتی خەڵکەکەشەوە نایەن و بەلاشیانەوە گرنگ نییە ئایا خەڵکی قەبووڵی ئەوە دەکەن یا نایکەن، بەڵکو ئەوان (واتە خەڵکەکە) دەبێت باوەڕیان بە ئایدۆلۆجییەکە بێت و پێڕەوی بکەن" هەمان سەرچاوەی پێشو ، لاپەڕە 83.

ئەم پارتەی نەبەهانی باوەڕیان بە دیموکراتییەت نییە، چونکە دیموکراتییەت یانی حوکمی گەل، کە ئەم وشەیەش وشەیەکی یۆنانییە و هەمووان لەوانەوە وەریانگرتووە. پەیڕەو و پرۆگرامی ئەم پارتە قەبووڵی ئەمە ناکات چونکە نە لە ئیسلامەوە هاتووەو نە ئیسلامیشە، ئەمان باوەڕیان وایە مرۆڤ نابێت حوکمی خەڵك بکات، چونکە مافی شەرعی حوکمڕانێتی نییە، دەڵێن خودا حوکمی خەڵك دەکات. ئەمان وا تەماشای دیموکراسی و سەربەستی دەکەن، ئەوان هەمیشە سەربەستی و دیموکراسی بە خۆرە یا شێرپەنجەی مرۆڤایەتی و جیهان دەزانن، مەگەر هەر دیکتاتۆرەکان و فاشییەکان ئەوەندەی ئەم ئیسلامییانە ترسیان لە دیموکراسی و سەربەستی هەبێت کە ئەمەش خاڵێکی گەورەی ناوکۆیی ئەم دوولایەنەیە دواتریش هەردوولایان هەر یەك چارەسەریان بۆ ئەم "گیروگرفتە" هەیە ئەویش سەرکوتکردن و داپڵۆسین و کوشتن و برینە.

شێخ عومەر بەکری، کە کابرایەکی بە ئەسڵ (لوبنانی)یە ماوەیەك سەرۆکی یەکەمی پارت ئەتتەحریر بوو هەر وەکو نەبەهانی و مەودوودی توندڕەو بوو یا ڕاستتر پارێزەر و درێژەپێدەری بیروباوەڕ و کۆڵەکەکانی ئیسلام بوو، لە سەردەمی جەنگی بەڵقاندا کە موسڵمانەکان و

ڕێکخراوە مرۆییەکان بەپارە و پێویستی تر یارمەتی خەڵکانی موسوڵمانانی ئەویان دەدا کە بووبوونە قوربانی دەستی جەنگەکە، شێخ عومەر بەکری لە دەستگاکانی ڕاگەیاندنی بریتانیا و کۆبونەوەکاندا، هاواری دەکرد "ئێمە نە چەکمان پێویستە نە یارمەتی خواردن و شتی تر، ئێمە کە برسی بووین دەتوانین دوژمنەکانمان بخۆین" هەمان سەرچاوەی پێشو لاپەڕە 67.
ئەم بە ئاشکرا بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە بۆ موسوڵمانەکان حەڵاڵە گۆشتی سربەکان بخۆن، چونکە ئەو موسوڵمانانە لە جەنگدان، لەبەر ئەوە یارمەتی خواردن و پارە پرسێك نییە، ئەوەی کە موسوڵمانانی بۆسنیا دەیانەوێت یارمەتی چەکە یا ناردنی لەشکرە لە وڵاتێکی ئیسلامییەوە. بڕوانە هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی 81.
هەر ئەم عومەر بەکرییە لە سەردەمی یەکەم جەنگی کەنداودا داوای کوشتنی سەرۆکشالیاری ئەو کاتەی بەریتانیای دەکرد کە جۆن مەیجەر بوو. بەپێی ڕۆژنامەیەکی بەریتانی بەناوی ساندەی مەیڵ Mail Sunday بەکری بانگەشەی کوشتنی جۆن مەیجەری کرد کە ئامانجێکی شەرعییە و هەرکەس هەلی کوشتنی ئەوی بەدەست کەوێت باوەڕ ناکەم پێویست بکات لەدەستی بدات. ئەمە ئەرکی سەرشانی موسوڵمانبوونمانە و ئاهەنگی مردنەکەی دەگێڕین.
لە یەکێك لە بڵاوکراوەکانی ئەم پارتەدا سەبارەت بەهەڵوێست و ڕوانگەیان بۆ جوولەکە واهاتووە" تەنها جێگای بەیەکگەیشتنی موسوڵمانان و جوولەکە گۆڕەپانی جەنگە" لاپەڕە 127 ، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

نەبەهانی بووجاڕی دا کە جیهاد جەنگێکە دژی هەر کەسێک کە دژایەتی بانگهێشتنی ئیسلامی بکات. (حەسەن ئەلبەننا)ش هەمان بانگهێشتنی کرد و هەمان ڕای هەیە، تەنانەت (جەماعەتوئیسلامییە)یش چەند دروشمێکیان هەبوو کە یەکێکیان ئەمەیە کە لە حەسەن ئەلبەننایان وەرگرتووە:
خودا گەورەمانە
موحەممەد ڕابەر و سەرکردەمانە
قورئان دەستوورمانە
جیهاد ڕێگامانە
شەهادەتیش (شەهید بوونمان) ئارەزوومانە.

با ئەوەشمان لەیاد نەچێت (ئوسامە بن لادن)یش هەمیشە بۆ ئەو کردانەی کە ئەلقاعیدە دەیکەن، یان لە سەرجەمی هەڕەشەکانیدا کە لە کاسێتە ناوبەناوەکانیدا دێت، لە هەر هەموویدا ئاماژە بە ئایەت و سوورەتی قورئان دەکات.
ئەوەی کە بن لادن و بەکری و نەبەهانی و مەودوودی و سەید قوتب و وەهابییەکان و پێشتر و دوای ئەوانیش بانگەشەیان بۆ کردووە و دەکرێت، قورئان سەرچاوەکەیەتی، ئەمان کەسێکی ڕاستگۆ و دڵسۆزن بەناوەڕۆکی قورئان و داخوازییەکانی و پێڕەوی دەکەن. جا کە ئایینێك ئەمە بەهرە و پەیام و ئامۆژگارییەکانی بێت، گەر بمانەوێت دژایەتی تیرۆر و کارە نامرۆییەکانی موسوڵمانان و جاهیلێتی ئیسلامی بکەین، دەبێت دژایەتی خودی ئایینەکە و پەرتووکە پیرۆزەکانی بکەین، بەڵام بەو شێوەیەی کە پێشتر پەنجەم بۆ ڕاکێشا، نەك بەکوشتن و بڕین و بەندکردن و ئەشکەنجەدانی پێڕەوانی ئایینەکە.

ئایینەکان بەتاڵن لە ڕاستی، پشت بە بەڵگەی زانستییانە نابەستن، لە ژوورەکانی تاقیگەدا تاقیکردنەوەیان لەسەر نەکراوە. خۆگەر کەسێکیش باوەڕی بەشتی بەڵگەنەویست هەبێت زۆر ئاسانە کە باوەڕ بەهەموو شتێك بکات و کاریگەریی خراپیشی لەسەر دابنرێت یا لێبکرێت.
ڤۆڵتێر Voltaire زۆر دەمێك لەمەو پێش وتوویەتی " **ئەوانەی کە دەتوانن باوەڕت بە ناڕاستی پێبهێنن، دەشتوانن وات لێبکەن کە کوشتار دروست بکەیت** " لاپەڕە 306، The God Delusion
بەڵام بۆچی هەموو ئایینەکان هەمان دڵڕەقی و بەکارهێنانی کوشتن و بڕین و شێوەی تۆقێنەریان بەخۆوە گرتووە و لە ململانێی نێوان خۆیاندا و دژی باوەڕی جیا یا بێبڕوایان بەکاریان هێناوە، من وەڵامی ئەمەم پێ نییە زیاتر لەوەی کە بڵێم ئەوەی کە نەتوانێت داکۆکی لەسەر باسێك بکات واتە پرسکە بە مشتومڕ و لێدوان کۆتایی نەهێنێت، تەنها چارەیەك کە هەیەتی پەنابردنە بەر بەکارهێنانی تەواوی دەسەڵاتی خۆیەتی، بە واتایەکی تر توانای سەلماندنی پرسەکەی بە ڕێگایەکی ئاشتیانە و مرۆیانە نییە و نابێت.

بۆ کۆتاییهێنان بەم بەشەی باسەکەشم حەز دەکەم سەرنجی خوێنەر بۆ بڕگەیەکی Dawkins لەو پەرتووکەی کە پێشتر ناوم هێنا، ڕاکێشم سەبارەت بە سروشتی ئایین کە بۆچی وایە، ئەو دەڵێت" **پرسیاری ئەوەی کە ئایا ئایینەکان بە ئەنقەست داڕێژراون لە لایەن قەشەکانەوە یا حوکمڕانانەوە: پرسێکی سەرنجڕاکێشە، بەڵام ئەمە لە خۆیدا پرس یا کێشەی داروینییەکان نییە. داروینییەکان هێشتا دەیانەوێت ئەوە بزانن کە بۆچی خەڵکانی بارخوار دەکەونە داوی خۆش مەشرەبی ئایینەوە و هەر بەو هۆیەشەوە ئاوەڵا دەبن بۆ ئیستیغلالکردن لە لایەن قەشەکان ، ڕامیارییەکان و پاشاکانەوە**" لاپەڕە 169 **The God Delusion .**

ئێستاش حەز دەکەم بچمە سەر بەشێکی تری باسەکەم کە بەهێز بوونی ئایینە، بەتایبەت ئایینی ئیسلامی لە جیهان و ئەوروپا بەگشتی و بەتایبەتی بریتانیا و ئەمەریکا هەر لەمەشەوە لە دەرگای باسێکی گەلێك گەورە و بەها لە ئەورووپادا بدەم، کە پێی دەوترێت ڕامیاریی فرە کولتووری و خۆشکردنی زەمینە بۆ ڕەخساندنی هەلومەرجێك بۆ هەریەکە لە تاکەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان تاکو دیواری جودایی و جیاوازی هەرەسی پێبهێنرێت.

بەهێزبوونی ئایین لە ئەمەریکا و ئەوروپا بەتایبەت بریتانیا:

لە سەرەتای باسەکەمدا یارمەتی و پشتگیریی هەندێك لە دەوڵەتە ئەورووپاییەکان و وڵاتانی سکەنئاییناڤیا بۆ ئایین و کەس و گرووپە ئایینییەکان و برەودان بەڕامیاریی فرە کولتووریم، دانا بە یەکێك لە زەمینەی زیندووبونەوەی یا زیندووکردنەوەی ئایین. ئێستاش لەم بەشەدا بە پێویستی دەزانم ئەوەندەی لە توانامدا بێت تیشکی بخەمەسەر.
پێموانییە کە ببێتە مایەی مشتومڕ گەر بڵێم گەر دەتەوێت کۆمەڵگەیەکی ساغ و بێدەرد، کۆمەڵگەیەك دوور لە ئاژاوە و گیروگرفت، کۆمەڵگەیەك کە تاکەکانی دەرکی تەواویان لە ژیانیان هەبێت و گیانی لێبوردن و قەبوولکردنی دەنگ و ڕەنگ و بیر و هۆش و باوەڕی جیاجیا، کولتووری جیاجیان هەبێت، کۆمەڵگەیەك کە تاکەکانی دوور بن لە خەرافییات و بەپیرۆزیکردنی یا بە پیرۆزی ڕاگرتنی سەرکردە و کەسانی ئایینی و بت و شتەکانی تر، کۆمەڵگەیەك تاکەکانی زانیاری تەندروستی و پەیڕەوکردنی خواردنی تەندروستانە و گەلێکی تر، بکات، ئەوە دەبێت

لە پرۆگرامی پەروەردە و زانیارییەوە بۆ منداڵان لە قۆناخە جیاجیاكانی خوێندنیاندا واتە هەر لە قۆناخی دایەنگەوە تاكو قۆناخی زانكۆكان و خوێندنی قۆناخی باڵای وەكو ماستەر و دوكتۆراوە دەستپێبكات، دەبێت دەوڵەت بەتەواوی لە ئایین جیابووبێتەوە، دەبێت دەستی بزنس، كۆمپانیا گەورەكان، ڕامیارییەكان ئەوانەی لە دەوڵەتدان و ئەوانەی كە لە دەرەوەن و هەڵپەی گەیشتنە دەوڵەتیانە، كورتكرێنەوە و بە هیچ شێوەیەك دەست لە كاروباری قوتابخانە و خوێندگاكان، وەرنەدەن. بە كورتی دەبێت خوێندن لە خزمەتی خودی مرۆڤدا بێت نەك لە خزمەتی بزنس و قازانجدا. واتە بەرنامەی خوێندن لە هەموو ئەو قۆناخانەی سەرەوە لە لایەن خەڵكانی پسپۆر و شارەزا و بەدوور لە بەرژەوەندی بزنس و دەوڵەت، بە یارمەتی و هاوكاری خەڵكانی كۆمەڵگەكان پێویستییەكانیان، دابنرێت، ئەم پسپۆرانە خۆشیان بەدوور بن لە دەسەڵات و كاریگەری بزنسیش.

جێگای داخە كە ئەو ڕاستییە بەیاد دەهێنمەوە كە ئەمڕۆ لە بریتانیا و ئەمەریكادا، گەرچی ماوەیەكی گەلێك دوورودرێژە بە ڕەسمی و بەپێی یاسا، ئایین لە دەوڵەت جیا كراوەتەوە، بەڵام لە پراكتیكدا، لە ژیانی ڕۆژانەدا، ئەمە زۆر لە ڕاستییەوە دوورە، چونكە كاریگەریی ئایین لە سەر منداڵان، لە سەر گەورە، لەسەر ڕامیاریی پەروەردە و زانیاری تەنانەت لە سەر ڕامیاریی دەوڵەتیش، ڕۆڵی كاریگەریی خۆی هەیە.

AC Crayling كە فەیلەسووفێكی بریتانی بەناوبانگە لە ڕۆژنامەی گاردیانی 5 شەممە، 21-08-2008 سەبارەت بەكاریگەری ئایین لەسەر هەندێك لایەن دەنووسێت و دەڵێت " **لەم وڵاتەدا 2% ی خەڵكەكەی دەچێتە كەنیسە، كەچی كەنیسە لە80 %ی سیستەمی قوتابخانە سەرەتاییەكان كۆنترۆڵ دەكات لەتەك بڕێكی گەورەی قوتابخانە ناوەندییەكانیشدا. 26 قەشەی هەرە گەورەش لە ئەنجومەنی لۆردان The House of Lords دادەنیشن سەرباری ئەوەش ژمارەیەكی زۆری تریشیان كراونەتە بەگ(Peers ) بۆ هەموو ژیانیان".**

كەناڵی BBC هەموو ڕۆژێك بۆماوەی 4 خولەك پڕوپاگەندەی ئایینی بڵاو دەكاتەوە بۆ ئەمەش ساڵانە 10 ملیۆن پاوەند لە پارەی باجدەری خەڵكی بریتانی بۆ ئەمە دەڕوات. كاتێك كە خەڵكە شارەزا و زاناكانی ئێرە، لەوانە BBC، Terry Sandderson ی هێنایە بەر پرسیار و داوای ڕوونكردنەوەی لێكردن، BBCی لە وەڵامدا وتی خەڵكێكی زۆر لەم وڵاتەدا ئایینین و تەماشای پرۆگرامی ئایینی دەكەن یا گوێ لە پرۆگرامی ئایینی دەگرن، بەڵام لە كاتێكدا ڕاپرسییەك كرا، ئایا بەرنامەی ئایینی تەماشا دەكرێت، بەرنامەی ئایینی لەڕیزی 16دا هات لەسەرجەمی ڕیزەكان، كە17 دانەبوون. واتە 16یەم بەرهەم بوو لە سەرجەمی ئەو 17 بەرنامانەی كە خەڵك تەماشای دەكەن.

تا مانگی سێپتەمبەری 2008 لە بریتانیادا 14000 قوتابخانەی نائایینی هەبوون هاوشانی ئەمەش 7000 قوتابخانەی ئایینیش ( بەهەموو ئایینەكان) هەبوون. بەپێی وتارێك كە لە گاردیانی 02-09-2008 دا هاتووە بڕیار بوو كە لە ساڵی 2009 دا 13 قوتابخانەی تری ئایینی بكرێنەوە، كە زۆربەیان مەسیحین سیانیشیان ئیسلامی. لە زۆربەی ئەم قوتابخانانەدا نەك هەر بەرنامەی ئایینی بە وردەكاریەكانییەوە و بەدرێژی دەخوێنرێت بەڵكو كوڕ و كچ لە یەكدی جیا دەكرێنەوە و هەندێكیشیان دەوڵەت سەرپەرشتییان ناكات، واتە نازانرێت كە چیان تیدا دەكرێت و دەخوێنرێت. لەمەش خراپتر لەیبەر پارتی ( پارتی دەسەڵاتدار) ڕامیاریی ئەوەشی گرتووەتە بەر كە كۆمەڵگەكان مافی ئەوەیان هەبێت بڕیاری ئەوە بدەن كە چ جۆرە قوتابخانەیەكیان هەبێت، واتە ئایینی یا نائایینی و لەسەرو ئەمەشەوە مافی ئەوەیان هەیە كە چ جۆرە مامۆستایەكیش هەڵدەبژێرن، ئەمەش یانی هەڵبژاردنی یا دامەزراندنی

مامۆستا لەسەر  ئەساسی لێوەشاوەیی و بەتوانایی نابێت بەڵکو لەسەر ئەساسی بڕوا و بیرو باوەڕ دەبێت. جێگای خۆشیەتی کە بە خوێنەری ئەم وتارە بڵێم، کە لە ساڵی 2008 دا لێرە، لە بریتانیا، مامۆستایەکیان لە ئیشەکەی دەرکرد چونکە ئەو ڕاستییەی درکاندبوو بۆ قوتابییە منداڵەکانی کە پێی وتبوون" ئەوەی کە دیارییەکانی کریسمستان بۆ دەهێنێت و لە ژێر دارەکە بۆتان بەجێ دەهێڵێت، بابەنۆئیل نییە بەڵکو باوک و دایکی خۆتانن"، دوای ئەوەی هەندێك لە منداڵەکان ئەمەیان بۆ باوك و دایکیان گێڕابووەوە ئیتر هەندێك لەو دایك و باوکانە گلەییان کرد و پاشان مامۆستاکە دەرکرا.

ئەم ڕامیارییە کە حکوومەتی لەیبەر پێڕەوی کرد گوایە ڕامیارییکە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەکانە، بەڵام سەیرەکە ئەوەیە بەپێی ڕاپرسی ICM کە هەر لەو کاتەدا بۆ ئەم مەبەستە کرا لە64 %ی خەڵکی دژی بوون چونکەخەڵك دەزانێت  ئەمە شتێك نییە جگە لە هاندانی زیاتری بڵاوبوونەوی ئایین و باوەڕ و پەروەردەکردنی منداڵان نەبێت بەوە.

دەمەوێت پێ لەسەر ئەوە داگرم کە قۆناخی منداڵیی چ لە ماڵ و دایەنگا و سەرەتاییدا قۆناخێکی گەلێك  گرنگە لە نەشونماکردنی بیر و هۆش و نەفسیەت و هەڵسوکەوت و گەلێکی تریش تا دەگاتە گەشە کردنی لەشولاریشەوە.  سەرکردە و پیاوە ئایینییەکانی کەنیسە زۆر بەباشی بە ئاگان لەمە و لە بارخواری مێشکی منداڵان و هەر لە سەرەتای تەمەنیانەوە گرنگیی پێناساندنی ئایین پێیان. ئەوەتا  Jesuit  وتویەتی " منداڵێکم لە ساڵی یەکەمدا بدەرێ، منیش پیاوێکت دەدەمێ"  **The  God Delusion لاپەڕە 177.**

جێی سەرسووڕمان نییە کە خێزانە ئایینییەکان پێش ئەوەی منداڵەکانیان پێ بنێنە قۆناخی قوتابخانەوە خەریك دەبن لەتەکیاندا بە دەرس دادانیان و زانیاری ئایینی، کاتێکیش کە لە قوتابخانە دەخوێنن  هاوشانی ئەوە هەر بەردەوام دەبن لەسەر وانە ئایینییەکانیان، تا ئەو ڕادەیەی کە مێشکیان دەشۆرنەوە.  کە بەم کارەیان لە ڕاستیدا کارێکی زۆر خراپ لە سەریان دادەنێن کە کاریگەری ئەمە زۆر جار زیاتر و خراپترە لە کاریگەری دەستدرێژی جنسی کە لەسەر سایکۆلۆجییەتی منداڵەکە دەمێنێتەوە.

Dawkins  لە لاپەڕەی 308ی هەمان پەرتووکیدا دەڵێت " بڕوا بوون بە ئایین دەکرێت زۆر زۆر خەتەرناك  بێت کاتێك کە بە عەمدی لەناو بیری منداڵانی بێگوناهی بارخوار بیچێنیت، هەڵەیەکی زۆر جیددییە بۆ سەرەتای دەوری منداڵی هەروەها ماف و پێویستییەکانی سەردەمی منداڵییە لە لایەن ئایینەوە"

ئەو خەڵکە پێشەنگەی کە باوەڕیان بە ئایین نییە ئێستا بۆ پاراستنی منداڵان لە دەستدرێژی ئایینی، لە لەندەن و کاردیف و بێلفاست و هەندێك شاری تریش کەمپەینێکیان دژی مۆرکردن و گرێدانی منداڵان بە ئایینێکەوە دەستپێکردووە، لە ژێر ناوی " تکایە مۆرم مەکەن ( **Do not label me** ) واتە بە موسوڵمان یا مەسیحی یا جوولەکە)، لێمگەڕێن با گەورەبم و خۆم هەڵیبژێرم.

Ariae Sherine کە یەکێکە لە کەسە سەرەکییەکانی  ئەم کەمپەینەیە دەڵێت  ڕێکلامێکم بینی کە دەیوت" بابیلْ دەڵێت  کاتێك کە کوڕی پیاوەکە دێت بڕوا و ئیمانێك لەم سەرزەویەدا دەدۆزێتەوە" ئێمەش بڕیارماندا کە دەبێت کەمپەینەکەمان گەورەتر، کاراتر و خەستتر بکەینەوە.

Dawkins  یش لە بەرامبەر مۆرکردنی منداڵاندا ( منداڵە موسوڵمانەکە، مەسیحییەکە یا منداڵە جووەکە) باوەڕی وایە کە نابێت منداڵان بە ئایینی باوك و دایکیانەوە بناسینرێن یا ناونووس بکرێن، چونکە ئەو باوەڕی وایە، منداڵ ئایینی نییە و ناماقوڵە ئێمە مۆریان لێبدەین.

ئەو دەڵێت  "هیچ کەسێك نییە بەجیددی تاریفی منداڵێکی ئاوا بچووك بە منداڵێکی مارکسی،

منداڵێکی ئەنارکیستی یاخود منداڵێکی پۆستمۆدیرین بکات. کەچی هەر زۆر زوو دەبینیت کە منداڵەکان بە مۆری ئایینی دایك و باوکیان مۆریان لێدراوە و ناونووسکراون "

ئەوانەی کە خۆیان بە ئیسلامی مۆدیرن دەزانن بەجۆرێکی تر دەڕواننە پرسکە، دەڵێن دەتوانیت ببیت بە ئیسلامێکی زۆر باش و خۆیشت دوور بگریت لە ڕاو بۆچوون و هەڵسوکەوتی توندڕەوەکان، بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەوەیە دەڵێن گەر قورئان وەکو خۆی بخوێنرێت و لێکبدرێتەوە خەڵکی دوور دەبێت لە بیر و کرداری توندڕەوانە.
بەڵام ئەمە لە ڕاستییەوە زۆر دوورە گەر چاوێك بخشێنیت بە سوورەت و ئایەتەکانی قورئاندا، پێچەوانەی ئەوە دەبینیت، خۆ گەر مەبەست لەمەش تەفسیرکردنێکی جیا بێت لە دەقەکە بۆ قورئان ئەوە تۆ لە قسەی خودا لاتداوە چونکە دەقەکانی قورئانت شێواندووە.
Dawkins ڕایەکی زۆر جوانی لەم بارەیەوە هەیە کە لە لاپەڕەی 306ی هەمان پەرتووکدا دەڵێت" تەنانەت دیراسەکردن یا وانە وتنەوەی مۆدێرنانەی ئایین، گەرچی توندڕەوێتی نییە لە خودی خۆیدا بەڵام بانگەشەیەکی کراوەیە بۆ توندڕەوەکان" درێژە بەم پرسیە دەدات و لە لاپەڕەی 308 دا ئەم سەرئەنجامە دەداتە دەستەوە" بڕوا بوون بە ئایین کارێکی زۆر خراپە( کاری شەیتانیانەیە) بەتایبەت لەوەی داوای پاساودانەوە ناکات قەبووڵی هیچ مشتومڕێکیش ناکات. پەروەردەکردنی منداڵ بە شتێك کە پرسیاری لەسەر نەبێت یا قەبووڵی نەکات ڕاستییەکە کە ئامادەیان دەکات و بابەتگەلێکی وایان دەداتێ، کە لە ژینگەیەکی وادا گران نەبێت ماکی ئەوەی تیا بڕوێنێت، کە ببێتە چەکێکی بکوژ بۆ جیهادی داهاتوو یا جەنگێك کەئایین تێیدا بباتەوە"

ئەمەریکا لەم بارەیەوە لە بریتانیا زۆر خراپترە، لەبەر ئەوەی زۆربەی سەرکردەکانی پارتی کۆماری، لەوێ یا خۆیان ئایینین وەکو جۆرج بووشی باوك و کوڕ یا زۆر نزیکن لە گرووپە ئایینییەکانەوە یا زۆر بە خراپی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری لۆبی ئەو گرووپانەوە.
Dawkins ئەم گرووپە ئایینییانە لەبەر توندڕەوی ئیرهابییەتیان بە تالیبانەکانی ئەمەریکا ناو دەبات. ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە سیستەمی پەروەردەی منداڵان لە قۆناخی سەرەتایی و ئامادەییدا لە ئەمەریکا زۆر کۆنەپارێزە.
George Monbiout کە پرۆفیسۆرە و نووسەرێکی بریتانی گەڵێك بەتوانایە و یەکێکە کە لەسەر ئاستی هەموو ئەوروپا و کەنەدا و ئەمەریکادا ناسراوە هەم بەهۆی پەرتووکەکانییەوە هەم بەهۆی کەمپەینیشەوە لە بواری ژینگەدا، لە ڕۆژنامەی گاردیانی سێشەممەی ڕۆژی 28-10-2008 باس لە خراپی سیستەمی خوێندن و پەروەردەی ئەمەریکی دەکات، باس لە ئاستی نزمی ڕۆشنبیریی خوێندکاران دەکات، دەڵێت "یەك لە 5 کەسی گەورە لەوێ باوەڕی وایە کە ڕۆژ بە دەوری زەویدا دەسووڕێتەوە، تەنها لە 20% یان قەبووڵی ئەوە دەکەن کە گەشەکردن لە ڕێگای هەڵبژاردنی سروشتیانەوە(Natural Selection) ڕووی داوە، دوو لەسەر سێی گەنجەکان ناتوانن عێراق لەسەر نەخشە بدۆزنەوە، دوو لەسەر سێی دەنگدەران( ئەو کەسانەی ك مافی دەنگدانیان هەیە) توانای ناوهێنانی تەنانەت 3 بەشی بینا یا دیپارتمێنتەکانی حکوومەتیان نییە کارامەیی ئەوانەی کە ساڵن لە ماتماتیکدا لەوێ ( ئەمەریکا) لە ڕیزی یا لەخانەی 24 دایە لە سەرجەمی 29 خانەدا" مۆنبوێت زیاتر لەسەر ئەمە دەڕوات تاکو هۆی ئەم هەژارییە وئەم بێئاگاییە دەدۆزێتەوە، بۆ ئەمەش پەنجە بۆ پەرتووکەکەی Susan Jackub کە تازە دەرچووە لە ژێر ناوی **The Age of American Unreason Provided** ڕادەکێشێت و دەڵێت " ئەمەش )

واته ئەم ئاستنزمییە) ڕەتکردنەوەی پەرتووکەکەی داروینە کە لە قوتابخانەکاندا شێوێنراوە، لە فەلسەفەوە کراوە بە سۆشیال داروینیزم، لە ڕۆستەرچیك لە تەکساس لەیەك لەچواری خوێندکاری ئەوێ باوەڕیان وایە مرۆڤ و داینەسۆر هاوکات بەیەکەوە ژیاون"

ئەم بەڵگانەی سەرەوە هاوشانی قسەکەی Dawkins دەتوانم بەشایەت بهێنمەوە کە زانست و ڕاستییەکان چۆن کەوتوونەتە ژێر فشارەوە لەلایەن کەنیسە و گرووپە ئایینییە توندڕەوەکانەوە، کە لە بەشێکی ئەمەریکادا زانست لەژێر هێرشدایە لە لایەن کەسانێکەوە کە زۆرباش خۆیان ڕێکخستووە و پەیوەندییەکی ڕامیاری باشیشیان هەیە، لەسەروو ئەمانەشەوە لەڕووی پارەشەوە دەستگرۆییەکی باشیش دەکرێن تاکو لە سەنگەری پێشەوەبن لە ئیدانەکردنی گەشەکردن. گەر سەرنج لە هەندێك لە سەرۆکەکانی ئەمەریکا بدەین هەمیشە یا ئایینی بوون یا گەر ئایینییش نەبووبێتن نەیانتوانیوە خۆیان ئاشکرا کەن کە باوەڕیان بە ئایین و خوا نییە و هەندێکێشیان دژایەتیکردنی بێباوەڕانیان خستۆتە پێش دژایەتیکردنی هەموو بیروباوەڕ و پارتە نەیارەکانی تریانەوە. بۆ نموونە ڕۆژنامەنووسێك بەناوی Robert Sherman دیدارێکی لەتەك جۆرج بووشی باوکدا کرد : پرسیاری ئەوەی لێ کرد ئایا ئەو باوەڕی بەیەکسانی هاووڵاتی و نیشتمانپەروەری ئەمەریکییەکان و ئەوانەی کە بێباوەڕن ( Atheists) هەیە؟ جۆرج بووش لە وەڵامدا وتی: نا، نەخێر، من نازانم کە بێباوەڕان دەبێت بە هاووڵات بژمێردرێن، هەروها نابێت کە بە هاونیشتمانییش بژمێردرێن. ئەمەریکایەك نەتەوەیە لە ژێر ڕکێفی خوادا. **لاپەڕە 43** **The God Delusion ، Richard Dawkins .** بەڵام Dawkins ئەو ڕاستییە دەردەخا و دەڵێت کە بەداخەوە Sherman ئەم دیدارەی تۆمار نەکردبوو لە هەمان کاتیشدا هیچ ڕۆژنامەنووسێکی تر ئەمەی دووبارە نەکردەوە.

وەکو پێشتریش باسمکرد زۆربەی ئەمەریکییەکان بەتوندی ئایینیان بەژیانیانەوە گرێداوە هەڵبەتە پرسی میدیا بە هەموو بەشەکانییەوە وپڕۆگرامی پەروەردە و ڕۆشنبیری هۆیەکن بۆ خزمەتکردنی ئەو پرسیە و کاریگەری خۆیان لەسەر نەشونما و گۆڕانی خەڵکەکە و سایکۆلۆجێتیان داناوە. ئەمەش بەدەوری خۆی ئەوەی سەلماندووە کە بەگشتی بۆ بەدبەختی لەو پرسیەی کە باسم کرد ئەمەریکییەکان لە دوای گەلێك لە میللەتانەوەن.

لەساڵی 1999دا " Gallup Poll ڕاپرسییەکی لە ئەمریکا کرد تاکو بزانرێت دەنگدەران لە کاتی دەنگداندا چی لەبەرچاو دەگرن کە دێتە سەر هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەمەریکی ، کە ئەم پرۆسەیەش لەسەر کۆمەڵێك خەڵکی جیاواز بوو لە ڕەنگ و ئایین و جنسدا، سەرئەنجامەکەی بەم شێوەیەبوو: 95% ئامادەبوون ڕا بۆ ئافرەتێکی خاوەن بڕوانامەی بەتوانای ئاییندار بدەن، بۆ کاسۆلیکەکانی ڕۆم 94% ، گەر جوولەکەبێت 92% ڕای داوە، گەر ڕەشیش بێت 92%، گەر هۆمۆ (هاوجنسباز) بێت 79% ، بۆ Mormon یەکان ( ئایینێکە کە لە لایەن Joseph Smith Jr لە ئەمریکا لە ساڵی 1830دا داهێنراوە) هەر 79% بەڵام بێباوەڕان تەنها 49% دەنگیان هێنا" هەمان سەرچاوەی سەرەوە لاپەڕە 4. گەرچی ئەمە دە ساڵ لەمەوپێشتر بەجیهێنراوە بەڵام کۆمەڵگەی ئەمەریکی جیاوازییەکی وای نەکردووە لەو کاتەوە ،باشترین بەڵگە پرسی دەنگدانی زۆربەی خەڵکەکەی بوو بۆ شەڕ دژی عێراق کە لایەنێکی پاڵپێوەنانی جەنگەکە لە پاڵ کێشەی ئابووری ڕامیاری زاڵبوونی ئەمەریکی لە ناوچەکەدا ئایینیش بوو هەر بۆیە جۆرج بووشی کوڕ بەئاشکرا وتی من لە خەومدا فەرمانم پێکراوە. ئەم قسەیە بۆ جۆرج بووش زۆر ئاسایی هەر وەکو چەندەها شتی سەمەرەی هەیە، لەوانە کە بووتە نوکتە لای خەڵکی دووانیانە، کە لە کەمپەینی هەڵبژاردنەکەیدا بوو بۆ پۆستی سەرۆکی ،دوو پرسیاری بە ئامادەیی

کامیره یتەلەفزیۆنی لێکرا یەکەمیان : سەرۆکی پاکستان کێیە؟ هەرچەند هەوڵی دا نەیزانی کە جەنراڵ پەرێز موشەرەف بوو. دووهەم پرسیار : تالیبان کێن؟ گرووپێك کچانی پوپ گۆرانی بێژن.
هەر سەبارەت بە ئاستنزمی رۆشنبیری گەنجانی ئەمەریکی ، ئەحمەد رەشیدیش دەڵێت "لەگەشتەکەی کە بۆ هەندی لە دانشگاکانی ئەمەریکا کردم بۆ دانی چەند موحازەرەیەك بۆ قوتابیە گەنجەکان بەماوەیەکی کەم پێش روودانی جەنگەکەی عێراق ، رووبەڕوی رەخنەیەکی گەورە بومەوە کاتێك کە ئاماژەم بەقسەیەکی کۆنە کارمەندێکی سەرەکی CIA کرد ، کەوتبوی ، "لێکدانەوەی سیخورە فەرمیەکان پشتی پێنەبەسترا تەنانەت لە مشتومڕ و لێدوانی سەرەکی لەسەر بڕیارە گرنگەکانی پاراستنی ئاسایشی قەومی" بەهەر حاڵ ئایدیاکانم زۆر باش گوێی لێراگیرا چەپڵەی بۆ لێدرا . ئەوەی لەوێدا بۆم دەرکەوت ، ئەوەبوو زۆربەی ئەمەریکیەکان غەریزەیەکی دەستی ڕاستیان هەیە یا بەغەریزە دەستی ڕاستین، بەڵام بەپەروەردەیەکی هەژارانەوە خراپ پەروەردەکراون ( مەبەستی لەخوێندن و قوتابخانەیە) سەبارەت بەمێژووی جیهان، جوغرافیای جیهان و رامیاری تا ئەو رادەیە کە نەیاندەتوانی خۆیان بڕیارێکی رامیاری دەربارەی جیهان و دەرەوە بدەن بۆ خۆیان ، ئەم ئیختیارە بۆ سەرکردەکانیان بەجێدەهێڵن "
لاپەرە Descent Into Chaos, Ahmed Rashid ، XLIX
لەو ڕاپرسییەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەمەریکییەکان فەزڵی سەرۆکێکی ئاییندار بەسەر هەموو جۆرەکانی تردا دەدەن. خۆ گەر کۆمەڵگەی ئەمریکی ئاوا بووبێت و ئاوا بمێنێتەوە چۆن دەتوانرێت هاووڵاتییانی ببنە "نیشتمانپەروەرێکی باش"، ئەمە کارێکی مەحاڵە خۆ گەر ئەوەی کە لەسەر جۆرج بووشی باوك باسمانکرد ڕاست بێت ئەوە لە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆش زیاتر شتێکی تر نییە. چونکە لە وڵاتی فرەئاییندا یا لە وڵاتێکدا کە ئایین زۆر بەهێز بێت پرسی "نیشتمانپەروەری" و "ناشیونالیزم" زۆر گران بەرهەم دەهێنرێت.
جەواهیر لال نەهرۆ لەم بارەیەوە سەبارەت بە وڵاتەکەی خۆی، هیند، بڕگەیەکی زۆر جوان دەڵێت "**باس لە سکوێلاریستی هیند دەکەین.....هەندێك خەڵك وادەزانن باس لە دژایەتی ئایین دەکەین. ئەمە ئاشکرایە کە ڕاستی تێدا نییە، مەبەست لەمە یانی کە دەوڵەتێك ڕێز لەهەموو ئایینەکان وەکو یەك بگرێت و هەل بە هەموویان بدات..... هیند مێژوویەکی دوورودرێژی لە قەبووڵکردنی ئایینەکاندا هەیە.....لە وڵاتیکی وەکو هیند، کە چەند ئایین بیروباوەڕ و ئایینی تێدایە، ناشیونالیزمی ڕاستەقینەی تێدا دانامەزرێت گەر لەسەر بناغەی سکویلاریزم نەبێت"**
**لاپەرە 46 هەمان سەرچاوەی پێشوو.**
هەمیشە ئایینەکان جێگا و پێگەی تایبەتی خۆیان هەبووە، هێز و تینی خۆیان هەبووە لەلایەن کەسان و پارتە ئایینییەکانەوە چونکە پێگەیەکی پان و بەرین و بەهێزیان لەناو کۆمەڵگەدا بووە، ئیدی چ ئایینی ئیسلامی بووبێت یا مەسیحی و جوولەکە، کە ئەمەش وای کردووە کە حکوومەتەکان بە دیکتاتۆری و بە لیبراڵ دیموکراتییەوە نەیانتوانیوە بەتەواوی خۆیان لە ئایین ببچڕێنن. هەڵهێنانی ئەم مەتەڵەش زۆر ئاسانە چونکە کاری پارتەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە بەدەستهێنانی دەسەڵات بووە ، بۆیە هەمیشە پشی پشییان بۆ ئایینییەکان کردووە و دەکەن تاکو خەڵکەکانیان بۆ دەنگدان بۆیان لە ڕۆژئاوا و ئەمەریکا و ئیسرائیلدا، تاو بکەن.
لە کۆمەڵگەیەکیشدا کە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتە دیکتاتۆریەکاندایە، حکوومەتەکانیان هەمان شت دەکەن یا خۆیان بە بۆیاخی ئایینی رەنگ دەکەن تاکو ئایینییەکان نەبنە هێزێکی بەرهەڵستکاری کارا ئەمە جگە لەوەی کە ئایین باشترین ڕێگەیە بۆ مانەوەی دەسەڵات و کۆمەڵگەی چینایەتی و بەرگریکردن لە نایەکسانی و نادادوەری کۆمەڵایەتی.

ڕۆژگار و دنیا گۆڕاون، ئیستا ئیسلامیش هاوشانی ئایینی مەسیحییە و لە ولاَتانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکادا دەنگ و سەنگی خۆی هەیە و خۆی فەرزکردووە بەسەر پارتی دەسەلاَتدار و موعارەزەدا، بەسەر ڕامیارییاندا، بەسەر سیستەمی خوێندن و پەروەردەدا، بەسەر کۆمەلگەدا تاکو قەبوولی کولتووری ئیسلامی هاوشانی کولتوورەکانی تر بکەن.

ئیسلام و ئیسلامەکان لێرە واتە لە ئەورووپا و ئەمەریکا هەر بەوە ڕازی نابن ڕێگای خواپەرستییان پێبدرێت، یا هەر بە تەنها پراکتیزەی کۆڵەکەکانی ئایین بکەن. دەیانەوێت ببنە هێزێکی ڕامیاری گەورە، دەیانەوێت پرس و ڕایان پێبکرێت لە بەرنامەی خوێندندا، دەیانەوێت دادگا و شەریعەتی ئیسلامی بە ڕەسمی هەبێت کە خەڵکانی موسڵمان و کێشەی نێوانی ژن و مێرد و میرات و هاوسەرگیری و پێکهاتن بەپێی شەریعەتی ئیسلام، لابەلا بکرێتەوە، پەیوەندی کۆمەلاَیەتی لەوانەش گرنگتر پەیوەندی ژن و پیاو لەتەك هەموو شتەکانی تری ئیسلامی لێرەش پراکتیزە بکرێت. دەیانەوێت ژمارەی مزگەوتەکان لێرە خۆی بدات لەشانی کەنیسەکان بۆ خوێندنی خوتبەی ڕۆژانی هەینی لە فتوادەرکردن لەسەر کوشتن و بڕینی ئەم و ئەو حەلاَل و حەرامکردنی ئەم شت و ئەو شت، هێرشکردنە سەر سەربەستی و ئازادییەکانی فەرد بە هەردوو جنسەکەوە، هێرشکردنە سەر دیمۆکراتیەت، هاندانی موریدەکانیان بەخۆپێشاندانێك کە توندی و تیژی تیا بەکار بهێنرێت لەپاڵ ئەمەشدا دەیانەوێت بالاَی منارەی مزگەوتەکان لە بالاَی قوببەکانی کڵێسەکان بەرزتر بێت.

لەجێی خۆیدایە کە سەرنجی خوێنەر لەم بارەیەوە بۆ پرسیەکی تازەکی ڕاکێشم. لە مانگی نۆڤەمبەری 2009 دا لەئۆسلۆی پایتەختی نەرویج ئیسلامییەکان دەیانویست مزگەوتێ دروستکەن بەلاَم بە منارەیەکی بەرزەوە. پارت و کۆمەڵە ڕاسترەوەکانی ئەوێش بەمە ڕازی نەبوون بۆیە حەملەیان لە دژی ئەمە دەستپێکرد تاکو حکوومەتی نەرویج ئەوە ڕاوەستێنێت. سەرئەنجام لە ڕۆژی 28-11-09 دا ڕاپرسییەك بۆ ئەم مەبەستە ساز کرا هەرچی چەپ و پیاوانی ڕامیاری حکوومی و بزنسمانەکان و کەنیسە و فاتیکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و پارتی سەوز و لیبراڵ و جوولەکەکان و سەندیکا و زۆری تریش دەیانویست، ڕێگا بە دروستکردنی منارەکە بدرێت و بۆ ئەم مەبەستە کەوتنە کەمپەینێکی گەورەوە. سەرئەنجام لە ڕۆژی ڕاپرسییەکەدا 57% بەشدارییان کرد و زیاتر لە 34% دەنگیان بۆ ڕاوەستانی منارەکە دا ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە دروستکردنی منارەکە ڕاگیرێت و دەستووری دەوڵەتیش بەناچاری دەبێت بگۆڕێت کە لە بەندێکیدا دەبێت ئەوە دووپات بکاتەوە کە دروستکردنی منارە یاساخ بکرێت. هەموو ئەو گرووپانەی کە ناوم هێنان ئیدانەی ئەمەیان کرد و زۆربەشیان لەتەك ئەوەدان کە کەیسەکە ببرێتە دادگای ئەورووپی تاکو بڕیارەکە هەڵبوەشێنرێتەوە. هەڵبەتە هەر یەکێك لەم گرووپانە لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە دەیڕوانییە کێشەکە و ڕای دەدا. هەرچی ڕامیارییەکانی ناو دەوڵەت و دەرەوەی دەوڵەت بوون لەبەر پرسی دەنگدان و ئابووری بەتایبەتی نەوت و غاز و پاراستنی ئاسایش و نەنانەوەی ئاژاوە و پشێوی بوو، چونکە ئیسلامەکان دڕن و دەتوانن گەلێك کاری خراپ بکەن. بزنس و بزنسمانەکان لەترسی یاساخکردنی بەروبوومەکانیان لە ولاَتانی ئیسلامییەوە یا زیاندان لە کۆمپانیاکانیان کە لەوێیە، پیاو ئایینییەکان و کەنیسە و پەرستگەی جوولەکاکان ئەمانیش شینی خۆیان دەکرد، کە ڕەنگە ئەمانیش نۆرەیان بێت، سەندیکا و چەپەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش بەناوی ئەوەی گوایە کۆمەڵگە ئیسلامییەکان جیاوازییان لەتەکدا دەکرێت و مامەڵەی خراپ دەکرێن و ڕێگای بەجێهێنانی ئەرکە ئایینییەکانیان لێدەگیرێت و گەلێك شتی تر.

بەڵام لەڕاستیدا ئەمانە هیچی وانییە چونکە ئیسلام لە سەرانسەری ئەوروپادا هەموو مافەکانی پارێزراوە و ڕێی لێنەگیراوە و لێناگیرێت. لە نەرویج کە 400 هەزار موسوڵمانی لێیە بەڵام 150 مزگەوتی لێ دروستکراوە و 4 دانەیان منارەیان هەیە.

پرسی منارە و بەرز کردنەوەی، ڕکەبەرایەتی ئایینەکانی ترو نیشانەی خۆسەپاندن و خۆ بەگرنگتر و خۆ بەگەورەتر زانینە. هەر لەو کاتەدا ڕۆژنامەی گاردیان دیداری لەتەك هەندێك کەس لەوانەی کە کەمپەینیان دژی دروستکردنی منارەکە دەکرد، کرد، یەکێکیان کە ڕۆماننووسێکە و یەکێکیشە لە سایکۆلۆجەکانی شارەکە بەناوی Julia Onken وتی" مزگەوت ماڵی نێرینەکانە منارەکانیش سیمبۆلی هێزی نێرینەکانە، دروستکردنی منارەکانیش نیشانەیەکی بەرچاو و بینراوە لە ڕەزامەندبوونی دەوڵەتدا سەبارەت بەسەرکوتکردنی ژنان" ڕۆژنامەی گاردیانی بریتانی، ڕۆژی هەینی 27-11-9 0.

پێشتر هەندێك بەڵگەم هێنایەوە لەسەر توندڕەوی باوەڕدارەکان کە هەر ئەوانە لە خۆیاندا بەڵگەن لە دەسەڵاتی ئایین لەناو کۆمەڵگەیەکی بێگانەدا و تەحەمولی حکوومەتەکانی و قەبووڵکردنی ئەم ئایینە بەو هەموو خراپییەیەوە. ئیسلامەکان وەکو وتم چەندیان بۆ بکەی، چەندیین هەل و دەرفەتیان بدەیتێ پێی ڕازی نین و زیاتریان دەوێت تا ئەو ڕادەیەی کە هەندێکیان بانگەشەی جێگیری ئایینی ئیسلامی، دەوڵەتی ئیسلامی لەم وڵاتانەدا دەکەن.

دکتۆر زەکی بەدەوی کە بەڕێوەبەری پێشووی سێنتەری کولتووری ئیسلامی بوو نووسیویەتی "......... ئیسلام هەوڵی زۆر دەدات تا لە بریتانیادا زیاتر بێت، ئیسلام ئایینێکی جیهانییە، ئامانجی گەیاندنی پەیامەکەیەتی بەهەموو کون و قوژبنێکی سەرزەمین، بەو هیوایەیە ڕۆژێك سەرجەمی مرۆڤایەتی ببێتە یەك کۆمەڵگەی ئیسلامی و ببێتەیەك ئوممەت" لاپەڕە 352، Why I am not a Muslim , Ibn Waraq. ئەمە جگە لەوەی کە ڕاپۆرتێك سەبارەت بە دیراسەی هەڵوێستی ئیسلام لە پرسی زانست و ڕۆشنبیری لە بریتانیا کە لە لایەن ئیسلامییە ئەکادیمییەکانەوە لە زانستگەی کامبریج و سێنتەری کولتووری ئیسلامی دەڵێت " لە لەندەن ئەوەیان بە ئاشکرا نیشاندا کە موسوڵمانان بە هەڵوێستی چوونە پێشەوەی سکوێلەریتی لە بواری پەروەردە و ڕۆشنبیریدا، نیگەرانن. ئیسلامەکان دەیانەوێت سەرەتایەکانی بەهای ئیسلامی، کە لە بەردەم هەرەشەی بەهای کۆمەڵگەی خاوەن ماڵدایە، بپارێزن، هەرچەند گەر ئەمەش بەواتای گوێڕایەڵینەکردنی یاساش بێت لە بریتانیادا" لاپەڕەی353 هەمان سەرچاوەی سەرەوە. هەر بۆیە سەیر نییە کە دەبینین زۆر لە خێزانەکانی ناو کۆمەڵگەی ئیسلامی لە بریتانیا فشار بۆ سەر مەکتەبەکان دەهێنن تاکو وانەی بایولۆجی نەوترێتەوە بە منداڵەکانیان، یا گەر وتراشەوە منداڵەکانیان ئامادە نەبن، چونکە ئەم وانەیە باسی دروستبوونی مرۆڤ و ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەریدا هاتووە تا گەیشتۆتە ئەم قۆناخەی ئێستای، دەکات، تاکو منداڵەکانیان نەزانن چۆن منداڵ دروست دەبێت و بە ئۆرگانەکانی زایندەی لەشی پیاو و ژن ئاشنا نەبن و نەزانن و هەر بە کوێری بمێننەوە.

بەڕای من قەبوڵکردن و ڕێزلێگرتنی باوەڕداران شتێکی جیایە لە قەبووڵکردن و ڕێزگرتن لە خودی ئایینەکەیان، ئێمە دەبێت ڕێز لە خۆیان بگرین نەك لە ئایینەکەیان، لە هەمان کاتیشدا دەبێت خەڵکە باوەڕدارەکان مافی تەواوی بەجێهێنانی ئایینەکەیان هەبێت بەڵام نابێت مافی فتوای کوشتن و سزادانی خەڵکیان هەبێت، لەمەش گرنگتر دەبێت ملکەچی یاسای ئەم وڵاتانەبن وەکو هەموو یەکێکی تر لە ئێمە. دیسانەوە بەڕای من وەکو چۆن منداڵ مافی ئەوەی هەیە کە دەوڵەت لە دەستدرێژیکردنە سەر لەش و ناموسی دەیپارێزێت هەر بەو چەشنەش منداڵان هەقیان هەیە ئەو مافەشیان بەسەر دەوڵەتەوە هەبێت کە دەوڵەت لە دەستدرێژیکردنە سەر مێشکیشیان،

سایكۆلۆجیەتییان، بیپارێزێت، واتە ڕێگا نەدرێت كە مێشكیان سواغ بدرێت و پڕ بكرێت لە ئەفسانە وشتی نازانستییانە لە ئایینەكان، ئیدی هەر ئایینێك بێت، چونكە من پێم وایە مندالٌ ڕەنگە بتوانێت لە پرسی دەستدرێژیكردنە سەر لەش و نامووسی لەمەودایەكی دووردا ڕزگاری بێت، بەڵام زۆر مەحاڵە لەو دەستدرێژییەی كە كراوەتە سەر مێشكی لە مندالٌیدا، ڕزگاری بێت، ئەمە بێ لە وەی كە گەورە دەبێت ڕەنگە كارەساتێك بەسەر كۆمەڵگەكەدا بێنێت.

## ڕامیاریی فرە كولتووری لەبریتانیا

لە وڵاتی بریتانیا خەڵكێكی زۆری بێگانەی تێدا دەژی، زمانێكی یەكجار زۆر لەم وڵاتەدا قسەیان پێدەكرێن، كولتووری جیاجیا، نەریتی جیاجیا، ئایین و باوەڕی جیاجیا لێرە زۆر بەیەكدا چوون و ڕەنگە كەم نەتەوە هەبێت خەڵكی لێرە نەبێت. خودی لەندەن بە شارێكی كۆسمۆپۆلیتانە دراوەتە قەڵەم بەحوكمی هەبوونی بێگانەیەكی زۆر زۆر كە تێیدا دەژین. گەلێك نەتەوە یا كەمایەتییە نەتەوەكان زیاتر لە سەدەیەكە جێی خۆیان كردۆتەوە و خۆیان بە هەموو كولتوور و زمان و ئایین و بڕوایانەوە، سەپاندووە. خەڵكی بێگانە لێرە بە ڕەشپێست و هەموو ڕەنگەكانی دیكەوە، تاكەكانیان كولتووری ئەم وڵاتەیان دەوڵەمەند كردووە و ناووناوبانگی ئێرەیان بەرزكردۆتەوە لە سەرتاپای بوارەكانی ژیاندا وەكو مۆسیقا و گۆرانی، چەشنەكانی وەرزش و میدیا بەهەموو بەشەكانییەوە، هونەر و سەما، لە شوێنە حكوومەتییەكان و ناحكوومەتییەكاندا پایە و پلەی بەرزیان هەیە، لە پەرلەماندا، لە بەشی خوێندن و ڕۆشنبیریدا، لە نەخۆشخانە و بەشی تەندروستیدا، لە بەشی ئابووریدا، لە گەلێك شوێنی تردا ڕۆڵی گەورە گەورە دەگێڕن. هەموو ئەمانە وای لە دەوڵەت و شوێنە ئەهلییەكان و تەنانەت تاكەكانی ناو كۆمەڵگەكەش كردووە كە كارێكی ئاسان نەبێت گەر بیانەوێت فەرامۆش بكرێن یا بخرێنە پەراوێزەوە. واتە بوونیان بەم بەهێزییە بووەتە خۆ فەرزكردنیان بەسەر دەوڵەت و كۆمەڵگەكەشدا بۆیە بووەتە ئەركی دەوڵەت كە بەمە بزانێت و حیسابی بۆ بكات هەر بەم بۆنەیەشەوە ،دەوڵەت چەند **ڕامیارییێكی** ڕەچاو كردووە كە لە هەموویان گرنگتر دووانیانە، یەكەمیان ڕامیاریی نەهێڵانی جیاوازییە و دووەمیان ڕامیاریی فرەكولتوورییە.
ئەوەی من دەمەوێت لەسەری بدوێم هی دووەمیانە، كە ڕامیاریی فرە كولتوورییە، ئەم ڕامیارییەش ئەوەندەی من پێی بزانم خزمەتی لایەنە نەئێنییەكەی پێدەكرێت زیاتر لە ئەرێنییەكەی كە ڕەنگە هەر خودی ڕامیاریەكە هەڵە بێت بەو شێوەیەی كە پێڕۆی دەكەن لە كارگێڕی و دەسگاكانی كۆمەڵگەدا، بێگومان دوای ئەوەی باسی دەكەم خوێنەر خۆی دەتوانێت حوكم بدات و باش و خراپییەكەی لێكبداتەوە.

ڕامیاریی فرە كولتووری بەلای دەوڵەتەوە یانی ڕێنەگرتن لە كولتوورەكانی تر و ئاشنابوون پێیان، بەڵام قسەی ڕاست ئەوەیە كە هەموو كولتوورەكان بەهایان وەكو یەك نییە و هەروەها هەموو شتەكانی ئەو كولتوورانەش شایانی ڕێزلێگرتن نییە. هەر لێرەدا دەتوانم پەنجە بۆ دووان ڕاكێشم، یەكەمیان كولتوور و ڕەفتاری كوشتن لەسەر شەرەفە كە تا ئێستاش زۆر ئافرەت لەسەر پرسی شەرەف لە لایەن باوك و برا و كەسوكاریانەوە دەكوژرێن. 3 كچی گەنجی كورد بە ناوی هێشو و بەناز و تولە كە دەنگێكی زۆری لە سەرتاپای میدیای بریتانیدا دایەوە بەتایبەت لە سەردەمی دادگاییكردنی بكوژەكانیاندا كە تولەی 15 ساڵان پاش 10 ساڵ كوشتنی تا ئێستاش تەرمەكەی نەدۆزراوەتەوە. بەپێی ئامارە ڕەسمییەكانی دەوڵەت ساڵانە 12 ئافرەت لە بریتانیا

لەسەر شەرەف و نامووس دەكرێنە قوربانی. هەڵبەتە ژمارەكە لەمە زیاترە چونكە گەلێك كە سەرنگون دەكرێن دەوڵەت پێی نازانێت و كەسوكاریشیان پۆلیس ئاگادار ناكەنەوە ئەمە جگە لەوانەش كە بەزۆر دەیانبەنەوە بۆ وڵاتانی خۆیان و لەوێ لەناویان دەبەن.
ئەم رەفتارە دڕندانە، نامرۆیانە، لێرە لە بریتانیا بەردەوامە و باوە، تازە و بەم تازەكییە دەوڵەت و پۆلیس خەریكن بەجیددی وەریگرن، پێشتر ئەوەندە لەلایەن پۆلیسەوە بایەخی پێ نەدەدرا ئەگینا گەلێك لەوانەی كە بوونەتە قوربانیی شەرەف، ئێستا لە ژیاندا مابوون، نموونەكانیشیان تولەی و بەناز.
نموونەی دووەم خەتەنە كردنی كچانی خێزانە موسوڵمانەكانە، لە هەموویان زیاتر ئەفەریقاییەكان و لەناو ئەوانیشدا سۆماڵییەكانن. ئەم سزا و ئەتككردنە تا ئێستاش هەر بەردەوامە و جاری واش هەیە كە ئاشكرا دەبێت بۆ ئەو كارمەندانەی لە نەخۆشخانەكاندا كار دەكەن، كارگێری خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتی (Social Services) ناتوانێت خەبەری پۆلیس و دەوڵەتیان لێبدات چونكە: یەك بڕوای بە تەدەخولی جیددی پۆلیس و دەوڵەت نییە، دووەمیش دەترسێت بەوەش تاوانبار كرێ كە ئەم لە مانای فرە كولتووری تێناگات و ڕێزی لێناگرێت، ئەمەش یانی بەئاگا نەبوون لە گرنگیی بەشێك لە ئیشەكەیان كەدواتریش ڕەنگە ببێتە هۆی لەدەستدانی كارەكەیان.
ئایا ئەو كولتوورە بەهای هەیە؟ ئایا شیاوی ڕێزلێگرتنە یان ڕەجمكردن و لەسەر نووسین و قسەكردن لەتەك دایك و باوك و كەسوكاری نزیكی كچەكەدا؟ ئەمانە یەكێكن لە چنینەوەی بەرهەمی پەیرەوكردنی ڕامیاریی فرە كولتووری.
خاڵێكی تری خراپیی فرە كولتووری، یا بەخراپ بەكارهێنانی، دابڕكردنی كۆمەڵگەكانی كەمایەتییە نەتەواییەكانە لە یەكتری و لە كۆمەڵگەی خانەخوێ، تەریكبوون و نەگونجاندنی لەتەك كۆمەڵگەكە و خۆنەزانین بەتاكێك لێی، پەیرەوكردنی نەرێتە خراپ و باوەكانی خۆی، مانەوە بە مێشكێكی داخراوەوە بە قەبووڵنەكردنی هیچ شتێكی تر بێ لەوەی خۆی. كە ئەمە حاڵمان بێت ئیدی چۆن دەتوانین تێكەڵاو بین بەم كۆمەڵگەیە، لە كاتێكدا كە ئێمەخۆمان بە پاكتر و باشتر و كولتوورمان بە بەهاتر و خوێندن و زانیاریمان بەگرنگتر و كولتوور و ئایینمان بە بەرزتر بزانین.
ئەم تاوانانە هەموو لە ژێر سێبەری فرە كولتووریدا خۆی حەشاردەدا و خۆی دەپارێزێت، یا لە ژێر ناوی فرە كولتووریدا ئەنجام دەدرێت. بەڕای من فرە كولتووری لە بری ئەوەی كۆمەڵگەكانی كەمایەتییە نەتەوەییەكان لەتەك سەرجەمی خەڵكانی ئێرەدا بەیەكەوە گرێبدات و بەیەكەوە خەباتیان ڕێكخەن بۆ ئەو گیروگرفتانەی كە گەڕەكەكانیان، یا لادێكانیان، یا شارەبچكۆلەكەیان، ڕو بەڕوویان دەبنەوە، كەچی بەپێچەوانەوە ئەم ڕامیاریی فرە كولتوورییە كارێكی وای كردووە و وا دەكات كە كۆمەڵگەكان لەبری ئەوەی سەرەوە كە ئامازەم پێكردن لەتەك یەكدا نەگونجێن و دژایەتی یەكتر بكەن. هەر بۆیەش ئەم فرە كولتوورییە توانای ڕەخنە گرتنی لە بیروباوەڕ نامێنێت، ئەم كەمایەتییە نەتەوەییانە لە كێبڕكێی یەكتریدا دەمێننەوە، لە جەنگێكی بەردەوامدان دژی یەكتری تاكو بیسەلمێنن كە كولتووری ئەمان باشتر و بەهادارترە لەوانەی تر.
لە ڕامیاریی فرە كولتووریدا پەیرەوكەرانی ئەم ڕامیاریە ناتوانن دژایەتی نادادپەروەرێتی كۆمەڵایەتی بكەن كە ئەمەش جەوهەری هەموو كێشەیەكە. چونكە هەوڵی بەجێهێنانی دادپەروەرێتی هەوڵی ڕاستەقینەیە بۆ بەهای مرۆڤ و گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ بەهاكەی،

ئەمەیە هەوڵدان لە پێناوی کۆمەڵگەیەکی مرۆیانەدا. پەیڕەوانی ڕامیاریی فرە کولتووری لە پێناوی بەرێکردن و بەرزڕاگرتنی ئەم ئەرکە چاو لەو توندوتیژییە دەنووقێنیت کە لە نێوان خەڵکانی ڕەشپێستدا هەیە یا لەنێوانی موسوڵمان و موسوڵماندا هەیە جا ناکۆکییەکە لەسەر کێشەی وڵات بێت یا مەزهەبگەرێتی، کە زۆر جار بووەتە یا دەبێتە هۆی کوشتن.

با لەدەمی هەنانە سەدیقی کەسەر بە گرووپی (Women Against Fundamentalism) کە یەکێك بوو لەو گرووپانە کە بۆ بەرگریکردن لە سەلمان ڕوشدی دروستکرابوو وتی " ژنان بەزۆر ناچار دەکرێن شوو بکەن بە کەسێك کە بۆیان دیاری دەکرێت، دەردەکرێن و بێخانووبەرە دەبن، خزمەتگوزاری پەروەردە و خوێندەوارییان لێ قەدەغە دەکرێت. کولتووری هەمەڕەنگە فەشەلی هێناوە. یارمەتینەدانی ژنان لەم کێشانەدا و خۆتێهەڵنەقورتاندن لەمانەدا، بۆ ئەوان ئەمانە هەمووی بەشێکە لە کولتوور و ئایین و دەبێت قەبووڵ بکرێت. یاسای دژە ڕەگەزپەرستی ڕێگا بە بەردەوامبوونی هەموو ئەمانە دەدات، چونکە لای ئەمان جەنگ دژی ڕەگەزپەرستی کرۆکی خەباتەکەیە..." لاپەڕە **354** لە پەرتووکی **Why I am not a Muslim ,** لە نووسینی **Ibn Warraq .**

هەر لەو پەرتووکەدا Ibn Warraq لەلاپەڕە 258 دا دەڵێت " چۆن قوتابخانەکان دەتوانن سەکەوتن لە بەیەکەوە هەڵکردن، تێکەڵاوبوونی منداڵانی خەڵکانێك کە هاتوونەتە ئێرە (بریتانیا) بەدەستبهێنن لە کاتێکدا کە مامۆستاکان وەختێکی زۆری خۆیان لە پۆلدا بە ستایشکردنی جیاوازییەکان لە ڕەچەڵەك و نەتەوایەتی و ئایین و مەزهەب لەناو قوتابییەکاندا دەبەنەسەر، لە پاڵ هاندانی هەمان منداڵان و دایك و باوکیان کە سووربن لەسەر هەڵوێستیان کە دژایەتی شتە هەرە سەرەکییەکانی تێکەڵاوبوون و هەروەها بەیەکەوە هەڵکردن دەکات. لێکجیابوونەوەی تەواوی ئایین و دەوڵەت لە بریتانیا بوونی نییە و یاسا واوا لە قوتابخانەکان دەکات کە بە کۆمەڵ کاری خوداپەرستی بکەن، یا ئیعجاب بوون، یا دەربڕینی هەستونەست، لەژێر ئەم فەلسەفەیە و بەناوی ئەم فەلسەفەیەوە هەستن، فەلسەفەی بەکۆمەڵ ڕەوتار کردن **(Act as Collective Worship)** ی فرە کولتووری، کە ئەمەش سەر ئەنجامەکەی بەیەکترناسینی (تەعاروفی) ئیسلامی و پڕۆپاگەندەی ئیسلامییانە لە پۆلەکاندا، دەشکێتەوە."

هەر ئەم نووسەرە ڕای وایە و پەرتووکەکەشی بەوە کۆتایی دێنیت و دەڵێت " **...لەبەر ئەوە دوا نەبەرد مەرج نییە لە نێوانی ئیسلام و ڕۆژئاوادا بێت، بەڵکو لەنێوانی ئەوانەدا دەبێت کە سەربەستی دەنرخێنن و بەهاکەی قەبووڵ دەکەن و ئەوانەی کە نایکەن" لاپەڕەی 360 .**

کە ئەمە سەرئەنجامی فرە کولتوورییە یا کولتووری هەمە ڕەنگەیە، ئەی کەواتە بۆچی دەوڵەتی بریتانی ئەمە دەکات و قەبووڵی هەموو لایەنە سلبییەکانیشی دەکات؟ هەڵبەتە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە و تەنها ڕامیاریمەدارانی بریتانیا خۆیان لەتەك دامودەسگا سیخوڕییەکانیدا دەتوانن ئەو وەڵامە بدەنەوە. بەڵام هەر یەکێك لە ئێمەش مافی خۆمانە کە لە ڕوانگەی خۆمانەوە لەم پرسیارە بڕوانین. بەڕای من ئەم ڕامیاریە خزمەتێکی گەڵێك گەورەی سێ مەسەلە دەکات یا سێ هۆی سەرەکی هەن کە ئەمانەن: پرسی دەنگدان، مامەڵە و بازرگانی (بزنس) هەروەها هێشتنەوەی کۆمەڵگەی موسوڵمانان لە بریتانیا بە گەمژەیی، ئەمە بێ لەوەی کە دەوڵەت کەڵکێکی زۆر گەورە دەبینێت لە دابڕبوونی سەرجەم ئەم کۆمەڵگەنە لەیەکدی بۆ پرسی ڕامیاری یانی بەدوور گرتنی ئەمانە لە پشتیوانیکردنی ئەو خەڵکانە یا ئەو بەشانەی کە دەکەونە بار و هەلومەرجی مانگرتن و خۆپێشاندان و بەرهەڵستیکردنی دەوڵەت و کۆمپانیا گەورەکان.

لە بەشی کۆتایی ئەم باسەدا دەمەوێت لە سەربەستی و مافی مرۆڤ لە ڕوانگەی ئیسلام و ئەوەی کە بەناوی بانگەشەی سەرانسەری بۆ مافی مرۆڤ کە لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوە یەککرتووەکانەوە دەنگی لەسەر دراوە و قەبووڵ کراوە، بدوێم، هەروەها ئەمەوێت گەر بەکورتییش بێت هەڵوێستی هەندێك لە زانایان و پیاوانی ڕامیاری ئیسلامی و دەوڵەتە ئیسلامییەکانیش، دەربخەم یا باس بکەم.
گومانی تێدا نییە کە ئەمڕۆ پێناسەیەك هەیە بۆ مافەکانی مرۆڤ لە هەموو بوارەکانی ژیان و ناو کۆمەڵگەدا کە ئەوەش وەك جاڕنامەیەك لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەککرتووەکانەوە لە شاری جنێڤ دەرکراوە، دواتریش زۆربەی زۆری هەموو وڵاتان لەسەری قایلبوون، لەژێر ناوی Universal Declaration of Human Rights (UDHR) The .
هەڵبەتە مەرج نییە هەموو وڵاتان پەیڕەوی بکەن بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەمڕۆ ئەو پێناسەیە هەیە و ئەوەشی کە پەیڕەوی نەکات ناتوانیت نکوڵی لێبکات، یا بە ئاشکرا بڵێت من پێشێلی دەکەم، بەڵکو هەمیشە سەرکۆنەی تاوانەکانیان دەکەن کە دژ بە مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەیکەن.
گومانیش لەوەدا نییە کە پێناسەیەکی سەرانسەری لەسەر مافی مرۆڤ و سەربەستییەکانی لەلایەن کەسان و زانایانی ئیسلامی و دەوڵەتەکانیشیانەوە، نییە. هەر بۆیە دەبینین کە هەر یەکەیان لە ڕوانگەی جیاوازەوە لێی دەڕوانن، واتە مەرج نییە هەموویان لەتەك جاڕنامەی ئیسلامی بۆ مافی مرۆڤ (The Universal Islamic Declaration of Human Rights (UIDHR ڕیککەوتبێتن و ڕێکبکەون – دواتر بە بەڵگەوە دێمەوە سەر ئەم باسە چونکە ئیسلام لێکدانەوەیەکی سەرانسەری مەبدەئیانەی نییە لە قەبووڵکردنی مافی مرۆڤ یا ببێتە یارمەتیدەر و پشتگریکەری ئەوەی لە سەرانسەری جیهاندا باوەو پێکهاتنی لەسەر کراوە. ئەمە بێ لەوەی بەرژەوەندی تایبەتی یا ئابووری و ڕامیاری لە وڵاتان و حوکمڕانانی ئیسلامیدا، بناخە و بنەماکانی ئیسلام و ئایینی ئیسلامی گەندەڵ کردووە، لە باشترین حاڵەتدا لە هەندێك بواردا بڕێك لە مافەکانی مرۆڤ قەبووڵ دەکرێت ئەویش بە بەندومەرجێکی زۆرەوە، ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئایین بە هەرسێ بەشەکەیەوە: ئیسلام، مەسیحی یا جوولەکە ئایینی پیاوە، ئایینی نێرینەیە، کە لەو حاڵەتەدا زۆر گرانە دان بە مافی بەشەکەی تری مرۆڤدا بنێت. هەر بۆیە تەفسیری مافی مرۆڤ لە لایەن دەوڵەتی ئێران و ئایەتوڵڵاکانەوە جودایە لە میرەکانی سعوودیە و کەندا و یا زانکۆی ئەزهەر یا جاڕنامەکانی مافی مرۆڤ هەر لەڕوانگەی ئیسلامەوە لە قاهیرەوە تا دەگاتە کەسە ناسراوەکانی تر.
بۆ نموونە ڕای خومەینی لەسەر مافی مرۆڤ ئەمە بوو" ئەوەی کە ناوی مافی مرۆڤی لێدەنێن، شتێك نییە جگە لە پیادەکردنی چەند یاسایەکی گەندەڵ کە لە لایەن زایونیزمەوە دامەزراون بۆ هەرەسهێنانی ئایینە ڕاستەقینەکان" لاپەڕە 35 Islam and Human Rights , Fourth Edition, By Ann Elizabeth Mayer
ئایەتوڵا عەلی خامەنەئیش لەو سەردەمەی کە سەرەك کۆمار بوو وتی" گەر بتەوێت بزانیت چی هەڵەیە و چی ڕاستە، ئێمە پەنا نابەینە بەر نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵکو پەنا دەبەینە بەر قورئانی پیرۆز. بۆ ئێمە جاڕنامەی سەرانسەری مافی مرۆڤ، شتێك نییە جگە لە شتی هیچوپووچ کە لە لایەن شوێنکەوتووەکانی شەیتانەوە کۆکراونەتەوە" هەمان لاپەڕەی هەمان سەرچاوە.

مەلیك فەهدیش سەبارەت بەو گوشارەی كە لەسەری بوو لە كردنی جۆرێك لە ڕیفۆرم و ڕێگەدان بە خەڵكانی وڵاتەكەی تاكو هەر هیچ نەبێت چەشنێك لە ئازادی و سەربەستیان هەبێت، دەڵێت" ئەو سیستەمە دیموكراتییەی كە ئەمرۆ لە جیهاندا لە ئارادایە و دەیەوێت ببێتە سیستەمێكی باو، نەشیاوە و بۆ خەڵكانی ناوچەكەی ئێمە دەستنادات. پێكهاتەی خەڵكانی ئێمە جیایە و جیاوازییان هەیە لەگەڵ خەڵكانی تری جیهاندا. ناتوانین ئەو ڕێگەیەی كە لە لایەن خەڵكەوە لە وڵاتانی تردا بەكار دەهێنرێت پێرۆی بكەین بەسەر خەڵكەكانماندا. ئێمە بیروباوەڕی ئیسلامیمان هەیە، كە دەستوورێكە بە تەواوی یەكگیرە لەگەڵ سیستەمەكەماندا. بە بڕوای من دیمۆكراسی ڕۆژئاوایانە ڕەنگە لە وڵاتەكانیاندا بگونجێت بەڵام بۆ وڵاتی ئێمە دەستنادات" لاپەڕە **45** هەمان پەرتووك.

لە وڵاتی ئەفغانستانیش لە سەردەمی تالیبانەكاندا هیچ جۆرە سەربەستییەك بۆ پیاویش نەمابوو، ئەوە هەر باس لە سەربەستی ژنان هەر نەدەكرا. ئەفغانستان كە بە بەراورد لەتەك سەرجەمی وڵاتانی ئیسلامیدا زۆر لەپێش هەموویانەوە بووە نەك هەر لە سەردەمی نەجیبوڵلادا بگرە لە ساڵانی چلەكانیشدا. لەساڵانی 64 و 65 دا ئافرەت هەڵبژێردراوە بۆ ئەندامی پەرلەمان، ئەم وڵاتە لە سەرگەرمی گەشە كردندا بوو لە ساڵانی حەفتاكان و سەرەتای سەردەمی حوكمی نەجیبولاشدا، بەڵام لە ساڵی2001دا دوای ڕاونانی تالیبان و دامەزرانی دەوڵەتێكی "دیمۆكراسی" گەرچی لە دەستوورەكەیدا لە ماددەی **22** باس لە یەكسانی هاووڵاتییان دەكات، پیاو یا ژن دەبێت مافی خۆیان هەبێت لە بەردەم یاسادا بەڵام لە "ماددەی **3** و **4** دا دەڵێت هیچ یاسایەك نابێت دژایەتی بیر و باوەڕەكانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بكات، كە واتە لێرەدا ئاشكرا نییە كە سەربەستی و یەكسانی مافی مرۆڤ چۆن لە ئیسلامدا تێیدەنۆڕدرێ یا پێرۆ دەكرێت" لاپەڕە 112، هەمان سەرچاوە.

لە وڵاتی سوودانیش چ لە سەردەمی جەعفەر نومەیریدا 1983- 1985 چ لەسەردەمی عومەر بەشیریشدا سەربەستییەكانی مرۆڤ وردە وردە تەسككرایەوە تا گەیشتە ئەوەی كە لەوێش وەكو گەلێكی تری وڵاتانی ئیسلامی لە ڕوانگەی ئایین و شەریعەتی ئیسلامییەوە تەماشابكرێت، بەتایبەت كە دێتە سەر سەربەستی ئافرەت. بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە كە هەر لەم وڵاتانەدا لە كاتێكدا گەر ڕێكخراوێكی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ گەر بە ناویش هەبوو بێت دواتر یاساخ كراون و كارمەندەكانیشیان، هەندێكیان دوور خراونەتەوە یا بە نهێنی فڕێنراون و سەرنگونكراون. بۆ نموونە بەشیر لە سوودان‌دا بەو ڕێكخراوەی كە هەبوو قایل نەبوو هەڵیوەشاندەوە و یەكێكی تری لەجێیدا دروستكرد كە وەكو خۆی لە مافەكانی مرۆڤ بڕوانێت و لە فەرمانەكانی ئەویش دەرنەچێت. لە ئێرانیشدا لە دوای ئەوەی كە بەشۆڕش ناونرا لە سەرەتادا واتەپێش ئەوەی كە"ڕاپەڕین" لەبار ببرێت و حكوومەت خۆی قایم بكات و دەسگا دەوڵەتییەكان وەكو هێزی سەربازی، پۆلیس ، سیخوڕی، بەسیج و پاسدار، پێكبهێنێت و خۆیان بگرن، وەكو هەمووان دەزانین بەدەیان ڕێكخراوی ڕامیاری و كۆمەڵایەتی و پیشەیی و ، ڕێكخراوانی مافەكانی مرۆڤ لە سەربەستی و ئازادی مافی مرۆڤدا لە غیابی دامودەسگایەكی دیكتاتۆری و هەبوونی جۆرێك لە سەربەستی و ئازادی دروستبوون بەڵام ئەوە هەر زوو بەر شەقی دیكتاتۆرییەت كەوتن و دواتریش واتە لە ساڵانی 1981 و 1982 دا ڕێكخراوە مەدەنییەكان و

مافەکانی مرۆڤ و دادی کۆمەلایەتی و لەپاڵ یاساناسەکان و مرۆڤە دەرکەوتووەکانی سەربە ڕێکخراوەکان، هەموویان یاساخ کران و باجی خۆیانیان دا.
لە ئێراندا گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە لە ماددەی 4ی دەستووری ئێرانیدا باس لە پلە بە پلە کردنی بە ئیسلامکردن دەکات، تاکو ئەمەش هەنگاوێك بێت بۆ کەمکردنەوی سەربەستییەکان و بەهەند وەرنەگرتنیان. لەم ماددەیەدا دەڵێت "هەموو دەسگا مەدەنییەکان، پارەوپوول، ئابووری ، کارگێڕییەکان، کولتوور ، لەشکر و هێزی سەربازی، یا ڕامیارییەکان و یاساو ڕۆڵەکانی تر دەبێت لەسەر بناغەی ستاندەر و بنەماکانی ئیسلام دابمەزرێت. ئەم بنەمایانەش بەرەهایی و بەتەواوی بەجێدەهێنرێت، لەهەموو ئەو ماددانەی کە لە دەستووردا هاتووە و هەرەها لە هەموو ئەو یاسا و ڕێسانەی کە هەن، کە حوکمەکانی لە لایەن دادگای ئیسلامییەوە و The Guardian Council حوکم لەم کاروبارانەدا دەدات.. کە ئەم دادگا و حوکمانەش دەبێت بەپێی ماددەی 110 لەلایەن سەرۆکی ڕۆحی و ئایینییەوە دابنرێت و هەر ئەمانیش دەسەڵاتی ڕەهایان پێدراوە کە بڕیاری ئەوە بدەن چ یاسایەك لەتەك یاساکانی ئیسلامدا دەگونجێت" هەمان سەرچاوە لاپەڕە 38.
ئایەتوڵڵا خومەینی هیچ وەختێك سازشی نە لەسەر دەقەکانی قورئان و نە لەسەر وتە و بێژەکانی پەیامبەر نەکردووە، ئەم تەنانەت نەك هەر لەو جاڕنامانەشیدا کە لەسەر پرسی مافی مرۆڤ بە بۆچوونی قورئانن و ئایینی ئیسلامی کە مافی ڤیتۆی هەبوو، ڕازی نەبووە، بەڵکو ئەم دەیشیویست لە جاڕنامەی سەرانسەری مافی مرۆڤدا دەوری سەرەکی هەبێت و داوای دەکرد کە ئەویش لەسەر بناغەی قورئان و ئایینی ئیسلامی بنووسرێتەوە. هەر بەتەنها ئەم نەبوو کەئەمەی ئەویست، بەڵکو هەمیشە گەلێکی تر لە مامۆستا و زانایانی ئیسلامی لە پاڵ هەندێك لە فەرمانڕەوایاندا بەهیچ یەك لەو جاڕنامانە ڕازی نەدەبوون، لە کێشمە کێشی ئەوەدا بوون کە لێی بقرتێنن تاکو بە ئیسلامی تری بکەن یا ئەوەی کە خۆیان دەیانویست شوێنی ئەوانەی تری پێبگیرێتەوە. چونکە بەردەوام ئەمان پرسی سەربەستی و مافی مرۆڤیان بەتەعەددا و تەحەددا لە ئیسلام و باوەڕی ئیسلامی زانیوە و پێیان قەبووڵ نەکراوە، ئالێرەدا بوو کە خومەینی دەیویست کە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی دەستووری دەوڵەتی ئێرانی بێت، دەیوت" دەمەوێت ئەو لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە بنووسرێتەوە تاکو دەستوورێکی ئیسلامیانە بهێنرێتە کایەوە. نەك ئەوەی کە لە لایەن ڕۆشنبیرانێکەوە کە کاریگەریی بێگانەیان لەسەرە و باوەڕیان بە ئیسلام نییە" هەمان سەرچاوەلاپەڕە 83.
بۆ زیاتر پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە لە ئایینی ئیسلامی و بزووتنەوەکەیدا ڕایەکی یەکگرتوو نەبووە لەسەر سەربەستییەکانی مرۆڤ، دەبێت ئەو ڕاستییەش ببینین کە هەر لەسەرەتای ئیسلامەوە کەسانی بەتوانا و ناودار هەبوون کە ئیجتیهادێکی زۆریان کردووە لەو ئایینەدا، لە هەندێك بواردا زۆر ئەهوەن تربوون لە خومەینی و هەندێك کەسانی تر، کە دواتر دێمەوە سەریان. بۆ نموونە هەر لە ئێراندا لە سەرەتای ئەوەی کە ناوی شۆڕشی لێنرا و کە بەڕای من دەبوو ناوی ڕەددەی لێبنرێ و لەو پەڕی حاڵەتدا دەتوانین بڵێین هەوڵێکی شۆڕشگێرانەی لەبارچوو، ئایەتوڵڵای تاڵەقانی بوو کە لە پرسی ئازادی تاکەکانی کۆمەڵدا کەوتە ڕوو بەڕوو بوونەوە و دژایەتی لەگەڵ خودی خومەینی و گەلێکی تریاندا، سەرئەنجامەکەشی بەدوور خستنەوە و کاڵکردنەوەی ناو و ناوبانگی کۆتایی هات. تاڵەقانی ئیسلامی بە موافیقی مافەکانی مرۆڤ دەزانی، بۆ ئەمەش ئەم ئیدانەی سەرکوتکەران و داپڵۆسەرانی دەکرد، لەکاتێکدا خومەینی و دەستەو دایەرەکەی دەیانویست سنوور بۆ سەربەستی و ئازادییەکانی تاکەکانی مرۆڤ دانێن کە لەو هەوڵە شۆڕشگێرانەی شوباتدا گەرچی سەرینەگرت

بەلام تارادەیەك  بەدەستهێنرابوون. Anne Mayer لە پەرتووكەكەیدا لە لاپەڕە 34دا لەسەر تاڵەقانی وادەڵێت " ئیسلامی بە كاروانێكی سەربەستیهێنەر دەزانی، لە ڕەچەڵەكدا بە ئایینێكی بێزیانی  دەزانی سەبارەت بەبەستنەوە و تەسككردنەوەی سەربەستییەكانی تاك، كە ئەمەش لە ڕوانگەی ڕەسمییەوە كە پاساوی تەسككردنەوەی سەربەستییەكانی دەدا، دوور بوو.  ئەم ڕای وابوو كە چینی دەسەڵاتدار لە ئێراندا كار بۆ بەرژەوندییەكانی خۆیان دەكەن بە بەكارهێنانی پێناسەی (ئیسلام) بۆ كۆیلەكردن و بەكارهێنانی هەژاران .....گەرچی تاڵەقانی باسی لە مافی مرۆڤ نەكردووە، بەلام ئەوەی دەگەیاند كە ئیسلام و مەدەنییەت و مافە ڕامیارییەكان هاوپەیمانی سروشتیی یەكترن".

كەسێكی دی ناوداری بزووتنەوەی ئیسلامی ئێران، كە ئایەتوڵلا مونتەزیری بوو، كە كەسی دووەم بوو، واتە پاش خومەینی ئەو بوو زۆر دژ بوو بە ناوەڕۆكی دەستووری ئیسلامی دەوڵەتی ئێران سەبارەت بەمافی مرۆڤ، هەر لەسەر ئەمەش كەوتە بەر گوشار و ڕوو بەڕوو بوونەوە لەگەڵ خودی خومەینی و ئەوانی تریان، لە كۆتایی ژیانی خومەینیدا، لەچوارچێوەی خانووەكەیدا بەندیان كرد. لەتەك ئەمەشدا ئەم هەر لە قسەی خۆی نەكەوت و لەساڵی 1997دا ڕەخنەی لە نادیموكراسیێتی ئێران گرت، ئەو وێڵی ئایدۆلۆجی ئیسلامی بوو، ئەو دەیگوت یاسای ئیسلامی، دادگای ئیسلامی و دەسگا خێرخوازییەكان، دەبێت لە دەوڵەت جیابكرێنەوە و لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە دابنرێن. مونتەزیری تا ئەو ساتەشی مرد لە قسە و دەربڕینی ڕاكانی خۆی نەكەوت، تەنانەت لە هەڵبژاردنی ئەم دواییەی ئێراندا بەتوندی ڕەخنەی لە هەڵبژاردنەكە گرت و بەنادیموكراسی دەزانی و لەو  دیمانەیەیشیدا  كەبۆ كەناڵی 4، كە یەكێكە لە كەناڵەكانی تەلەفزیۆنی بریتانی، ساز درابوو، ڕای خۆی لەسەر ئەو پرسیە دووپات كردەوە.

هەڵبەتە زۆر كەسانی تر بوون و هەن  كە لەناو ئیسلامدا هەمان ڕای تاڵەقانی و مونتەزیریان هەبووە. بەڕای من ئەمانە هەموو ئیجتیهادی خۆیان بووە كە لە ئایینیدا كردوویانە. ئەمان ئیسلامیان وەكو ئایینێك، بیروباوەڕێك بۆ خواپەرستی و نێوانی خۆیان و خوای خۆیان، بینیوە. وەكو وتم ئەمە ئیجتیهادی خۆیانە لە ئاییندا و بیروبۆچوونی خۆیانە سەبارەت بەو ئایینە، ئەمان وا ئایین لێكدەدەنەوە. بەلام دەقەكانی قورئان براوەن، واتە ڕەش یا سپی، قورئان دەتوانرێت تەرجومە بكرێت بەئەمانەتەوە بەلام بەڕای من ناتوانرێت تەفسیر بكرێت چونكە بە پێی ئیسلام قورئان زادە و بەروبوومی مێشكی مرۆڤ نییە، بگرە هی خوایە و خواش نە دەنگی هەیە و نەڕەنگی هەیە و نەجنسیشی هەیە، تۆ ناتوانیت لێكدانەوە یا تەفسیر بۆ نووسینێكی وا بكەیت كە لە لایەن مرۆڤەوە نەنووسرا  بێت. هەروەها خوا نووسینی تری نییە تاكو لێی وردببیتەوە و بەراوردی سوورەت بەسوورەت یا دێڕ بەدێڕی  بكەیت گەر لە دەقێكدا شتێكی ناڕوونت بەرچاو كەوێت  ئەوە بتوانیت بەپێی دەقەكانی تر لێكیبدەیتەوە، هەروەها ڕەفتار و كردار و ئەتواری خوا نابینیت تاكو لە ڕێگای ئەمانەوە حوكم بەسەر دەقە ناڕوونەكاندا بدەیت.

با ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئەو مافە مرۆڤیانەی كە تاڵەقانی و مونتەزیری و خەڵكانی دی بانگەشەیان بۆ كردووە و تارادەیەكیش ژیانی خۆیان بۆ كردۆتە قوربانی، كاتێك كە باسیان لێكردووە باسیان لە مافی مرۆڤی پیاو كردووە نەك ئافرەت. دەقەكانی قورئان و وتە و بێژەكانی پەیامبەریش لەتەك یارانیدا زۆر ڕوون و ئاشكران سەبارەت بە كەسایەتی ئافرەت خۆی و كێشەكانی.

بەپێچەوانەی تاڵەقانی و مونتەزیری و كەسانی دیكەی میانڕەوترەوە جۆرە كەسانێكی تر هەبوون كە ئەوەندە بە قورئانەوە پەیوەستبوون كە لەسەر ئەلف و لام و جیمێكی جەنگێكیان بەرپا

کردووە. ئیجتیهادی ئەمان بۆ سەلماندنی دەقەکانی قورئان بووە لەتەك هەندێك لە وتە و بێژەکانی پەیامبەردا.
یەکێك لەو کەسە ناودارانە ئەبولئەعلای مەودوودییە کە بەهێچ شێوەیەك باوەڕی بە مافی مرۆڤ بەتایبەت مافی ئافرەت نەبووە و نییە، گەر لە یەکێك لە نووسینەکانیشیدا باسی لە مافی مرۆڤ کردبێت هەمیشە پەیوەستی کردۆتەوە بە یاسای ئیسلامییەوە کە ئەمەش یانی بینینی ئەو پرسە لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامی و دەقەکانی قورئانەوە.هەروەها نە تاڵەقانی و نەمونتەزیری و نە ئەوانەی تریشیان باس لە سەربەستی خەڵکانی غەیرەدین ( واتە غەیری ئایینی ئیسلام) ناکەن و دانیان پێدا نانێن، هەڵوێستێکی واش نیشان نادەن دەربارەی ئەو موسوڵمانانەی ئایین و بڕوایان بۆ ئایینێکی تر دەگۆڕن یا دەچنەسەر ئایینێکی تر، یا لە پرسی ئەوەی پێی دەڵێن زیناکردن، هەبوونی منداڵ لە دەرەوی چوارچێوەی خێزانی ژن و مێردایەتی و گەلێك وردەشتی تریش. نە ئەمانە بە مافی خودی مرۆڤ دەزانن و نە قەبووڵیشی دەکەن.
مەودوودی کابرایەکی ڕامیاری فێڵباز بووە، لەو نامیلکەیەی کە سەبارەت بە مافی مرۆڤ نووسیویێتی خۆی لە قەرەی گەلێك شت نەداوە بەتایبەت پرسی خودی مافی مرۆڤ، ئەم وەکو زۆربەی زۆری ڕامیارییەکانی تر دووڕوو و فێڵباز بووە، نەیویستووە ڕووی ڕاستی خۆی دەرخات، یا لایەنە خراپەکانی ئیسلام و قورئان دەربارەی ئافرەت و مافی مرۆڤ دەرخات بەڵام لەجێگای تردا وەکو نووسین و گوتار و قسە و لێدوانی سەرپێی لەناو کۆمەڵدا، ڕای خۆی دەربڕیوە و لە سەیید قوتب و سوڵتان حوسەینی تەهبەندی باشتر نەبووە. لەو وتارەی کەلەسەر Purdah (ڕووپۆشی ئافرەت) نووسیویێتی بەرگری لە شەرەفی خێزان کردووە.
لەو نامیلکەیەیشیدا کە بەبناغەی "مافی مرۆڤ" لای ئەو ناسراوە، Ann Mayer لە هەمان پەرتووکدا لە لاپەڕە 121 دا وا سەرنجی لێدەدات و دەڵێت " ئەو واتە مەودوودی ڕێزی لە ڕووسووری ئافرەت، ( کچێتی) گرتووە..........ئەو بۆ ڕاگرتنی خاوێنیی ئافرەت ( واتە کچێتی) تێکەڵاو نەبوونی ئافرەت بووە لای ئەو، بۆ ئەمەش لەماڵ یا لە چوارچێوەی خێزاندایە. ئەمە تەنها "مافێکە" کە مەودوودی بە ئافرەتی ڕەوا بینیوە. کە ئەمەش واتە ڕێزگرتن لە ڕووسووری و کچێتی، لە ڕاستیدا بە مافی مرۆڤ حیساب ناکرێت، جگە لە خستنە زەرفیانەوە و بەتەوای شاردنەوەیانە لە بەرچاوان، یا خستنیانە ناو کەمپێکەوە لە دەرەوەی جیهان. قسەکانی مەودوودی لە بنەڕەتدا ئەمە دەگەیەنێت".
مەودوودی هەمان هەڵوێستی خراپی سەبارەت بەغەیرەدین هەبووە هەر وەکو چۆن بەرامبەر ئافرەت هەیبووە. ئەو دەقاودەق بە قورئان و وتە و بێژەکانی پەیامبەر کاری کردووە. بۆ نموونە ڕای لەسەریان وابووە کە غەیرەدین لەچاو ئیسلامدا پلە دوون، پشتگیری لە دانی سەرانە "جزیە" کردووە، ڕای وابووە کە غەیرەدینەکان نابێت بەشداری خزمەتی سەربازی بکەن، نابێت پلە و پایەی بەرزیان لە کارگێڕییەکانی دەوڵەتدا پێبدرێت، باوەڕی بە پێڕۆکردنی شەریعەتی ئیسلامی هەبووە بەرامبەریان، لەتەك جودایی و جوداخوازی مامەڵەی دەوڵەتدا بووە لەگەڵیاندا. بۆ نموونە مەودوودی و پارتەکەی کە جەماعەتولئیسلامی لە کەمپەینی دژە ئەحمەدییەکاندا بوون (ڕێبازی ئەحمەدی لە شانەی، ئەحمەدییەوە هاتووە، کە دامەزرێنەرەکەی میرزا غولام ئەحمەدە کە لەساڵی 1907 دا لە هیندستان لەدایك بووە).
پارتەکەی مەودوودی دوژمنایەتی سەرسەختی ئەحمەدییەکانیان کردووە، ئەوەی کە قورئان و ئایین بە ئەحمەدییەکانی ڕەوا بینیوە و مامەڵەی کردوون، ئەمانیش هەمان شتیان پێ ڕەوا بینیون. سەرۆکشالیارانی پێشینەی پاکستان، زولفەقار عەلی بۆتۆ، زۆر کەڵکی لە بیروباوەڕی مەودوودی و یارمەتی پارتەکەی وەرگرت تا ئەوە بوو لەساڵی 1974دا عەلی بۆتۆ دەستووری

دەوڵەتی پاکستانی سەبارەت بە ئەحمەدییەکان، هەموارکرد کە ئەحمەدییەکان موسوڵمان نین. زیائولحەققیش کە لە ساڵی 1984دا هات، دۆستێکی نزیکی پارتەکەی مەودوودی بوو ، جەنگێکی گەورەیان دژی ئە حمەدییەکان و غەیرەدینییەکان بەرپاکرد (بۆ بەشێك لەم زانیارییانەسوودم لە هەمان سەرچاوە وەرگرتووە لاپەڕەی 162 ).

سوڵتان حوسەینی تەبەندی، ئەو وەکو مەودوودی زۆر ڕامیاری نەبووە و نییە. ئەو بە ڕاشکاوی دەڵێت کە ئیسلام دژایەتی یەکسانی نێوان پیاو و ژن دەکات، ئەو دەڵێت " من قەت ڕامیاریم نەکردووە هیچیش لە ڕامیاری نازانم یا لە ناوەڕۆکی یا لە جاڕنامەی ئیسلامی گەردوونیی مافی مرۆڤ کە ڕەنگە هەبێت. من تەنها لە ڕوانگەی ئایینەوە بەتایبەت لە پەیوەندی لەتەك دیراسەی سروشتی خودا و پیرۆزی ئایینەوە بۆ ئیسلام و کە لەتەك بیروباوەڕی شیعەدا دێتەوە، دیققەت دەدەم" هەمان سەرچاوەلاپەڕە 119. تەبەندی بەو دەرەجەیە سووربووە لەسەر پێڕۆکردنی ئایینی ئیسلامی کاتێك کە جیاوازی هەبووە لە نێوانی UDHR و UIDHR جاڕنامەی ئیسلامی گەردوونی مافی مرۆڤ ئەم پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کەدەبێت UDHR لەسەر شێوازی ئیسلامی بنووسرێتەوە.
هەموو ئەم هەوڵانەشی لە دژایەتیکردنی ئافرەت و کێشەکەیانا بوو، چونکە ئەم ڕای بەم چەشنەبوو" ژن دەبێت گوێڕایەڵیی مێردەکەی بکات، داوا و خواستەکانی بەجێبهێنێت، نەچێتە دەرەوە بێپرسی ئەو، دەبێت ئاگاداری ماڵ و خانوو بێت و لەتەك کەرەسەکانی ناوماڵدا، تەنها بەفەرمانی مێردەکەی دەتوانێت بانگهێشتنی خەڵك بکات، شەرەفی خێزان بپارێزێت، پارێزگاری لەناو و پیاوەتی مێردەکەی بکات ئەو مێردە لە هەر شوێنێکدا بێت ئامادەبێت یا نائامادە نەبێت" هەمان سەرچاوەلاپەڕە119 – 120 .
تەبەندی بەڕاشکاوییەوە باس لە شەریعەتی ئیسلامی دەکات و پێ لەوە دەنێت کە شەریعەتی ئیسلامی یەکسانیی لە نێوانی موسوڵمانان و ناموسوڵماناندا قەبووڵ ناکات و ئەم سەرنجەشی زۆر بەتوندی گرتووە. بۆ نموونە ئەم سەبارەت بە ماددەیەکی UDHR کە گەرەنتی یەکسانیی لەنێوانی ئایینە جیاجیاکاندا، دەکات، تەبەندی پێی لەسەر ئەوە دادەگرێت " کاتێك دێتە سەر جیاوازی ئایینەکان و بیروباوەڕ و بنەماکانی، یەکسانی ناخوات. ئەمەش لەبەر ئەوەی گەورەیی و باشیی، لە ڕاستیدا خۆی لە پەرستنی یەك خودادا، دەبینێتەوە و گوێڕایەڵبوونیەتی بۆ فەرمانەکانی ئەو لە ئاسمانەوە" **لاپەڕە 154 هەمان سەرچاوە.**

هەموو ئەمانەی سەرەوە، ڕەقیی قورئان و توندوتیژی سزاکانی، گیانی لێنەبوردن و پێکهاتن و قەبووڵنەکردنی یا پێکەوە هەڵنەکردنی جنسێك لەتەك جنسێکی تر، خاوەن ئایینێك لەتەك بێئایینێك...هتد بووەتە بەربەست و گیروگرفتێکی گەورە لە ڕێگای جاڕنامەی سەرانسەری مافی مرۆڤدا، بۆیە لە ساڵانی هەشتاکان و بەتایبەت نەوەدەکاندا کۆششێکی زۆر لە لایەن خەڵکانی ئیسلامی بیروباوەڕی جیاوازەوە کە زیاتریش پشتیان بە مۆدێلی ڕۆژئاوایی بەستووە، ویستویانە و دەیانەوێت شیرازەی هەبوونی ستاندەری ئیسلام یا ئیسلامێتی، تێکبچێت، چونکە دەزانن یاسای ئیسلامی دەبێت شل بکرێت، بەتایبەت کە دێتە سەر یاسا و دادگای ئیسلامی و گەشە سەندنی ئابووری و مامەڵەی بازرگانی و تاڕادەی بیرکردنەوە لە بوون یا بە ئەندامێك لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی. ئەمانە هەموو وا پێویست دەکات گۆڕانکارییەك لە یاسای ئیسلامیدا بکرێت، بەواتایەکی تر ئیسلام مۆدیرنایز بکریت. بۆ ئەمەش چەن ئایین هەوڵی بەکۆمەڵ لەلایەن وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی ئیسلامی ترەوە لەژێر ناوی دەستووری

زانکۆی ئەزهەر و قاهیرە و شوێنانی تر دراوە، دواتریش ئەمە وەکو تەحەددایەکی جاڕنامەی سەرانسەری بۆ مافەکانی مرۆڤ، کەوتۆتەوە.

کۆتایی باسەکەم بەتیشك خستنەسەر بەندەکانی دەستوری ئیسلامی و بنەمای مافەکانی مرۆڤ کە لە جاڕنامە جیهانییەکەدا هاتووە، دەهێنم، کە ئەمەش لە خۆیدا بەراورد کردنێکە لە نێوانیاندا..

جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ هەندێك ماف بەرەهایی جاڕ دەدات ، تا ئەو ڕادەیەی کە هیچ پاساوێك ناهێنێتەوە لە ڕێگەگرتن لەو مافانە. لەوانە مافی سەربەستی و یەکسانی، ڕێزگرتنی مافی یەکسانی لە بەردەم یاسادا بۆ هەموو کەسێك، یاسای یەکسانی تەواو بۆ دادگەرێتی بیستنی کێشە لەلایەن دەسگای یاسایی سەربەخۆ و بێلایەنەوە. هەروەها پارێزگاریکردن لە لایەن یاساوە، مافی هاوسەریکردن ، هەبوونی مافی یەکسانی لە زەماوەند و تەڵاقداندا، سەربەستی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین. هەروەها سەربەستی ئایین و مافی گۆڕینی ئایینیش. مافەکانی مرۆڤ لەم دەستوورەدا هەموو لایەنێکی مرۆڤ و هەموو کون و قوژبنێکی کۆمەڵگە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی گرتۆتەوە. ئەم جاڕنامەیە کە لە ساڵی 1948 دا ڕێککەوتنی لەسەر کرا سەرەتایەك بوو بۆ مافی مرۆڤ و دواتریش برەوی زیاتری پێدرا و فراوانتر بوو، ئەوە بوو لە ساڵی 1966دا مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریشی گرتەوە و لە ساڵی 1976 دا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەندکرا. بۆ نموونە لە یەکسانیبوون یا یەکسانێتی لە ڕووی پاراستن و پارێزگاری لێکردنەوە لە خاڵی 7 ی ئەم دەستوورەدا وا هاتووە" هەمووان لەبەردەم یاسادا یەکسانن هەمووانیش بەبێ جیاوازی بەیەکسانی مافی پاراستن و پارێزگاری لێکردنیان بەپێی یاسا دژی مامەڵە جیایی هەیە یا دژی پێڕۆنەکردنی ئەم جاڕنامەیەیە لە هاندانی هەر جیاوازییەکدا." لاپەڕە 104 هەمان سەرچاوە. ئەو جیاوازییەی کە لەوەی سەرەوەدا هاتووە بەتەواوی لەخاڵی 2 دا ڕوونکراوەتەوە "مەبەست لە جیاوازییەکان کە لەسەر بنەمای جنس، ئایین و مەزهەب، ڕەنگ و پێست، زمان ، ڕاوبۆچوونی ڕامیاری، نەتەوە یا بەرەچەڵەك لە کوێوە هاتوون، موڵك و خانووبەرە و هتد" هەمان لاپەڕە. لە خاڵی 4.1 دا داوا دەکات " هەموو دەوڵەتان پێوانەیەکی یا بڕیارێکی کاریگەرانەیان هەبێت تاکو مامەڵەکردنی جیا ڕاگرن و نەیهێڵن کە پابەندە بە بناغەی ئایینی و مەزهەب " هەمان سەرچاوەلاپەڕەی 150. هەروەها ماددەی 18 دەڵێت " هەموو کەس مافی سەربەستی بیرکردنەوەی هەیە، مافی هۆشمەندی و ئایین، ئەم مافە مافی سەربەستی ئەوەش دەگرێتەوە کە ئایین و بیرو باوەڕەکەی بگۆڕێت، ئەم سەربەستییە ئەوەش دەگرێتەوە ئیدی بە تەنها یا لەتەك کۆمەڵگەیەکەدا و لەتەك خەڵکانی تردا بە نهێنی یا بەئاشکرا پراکتیزەی ئایینەکەی بکات لە نوێژکردن و بەجێهێنانی ئەرکەکانی تری ئایینەکەی" لاپەڕە 168 -169 هەمان سەرچاوە.

ئەمەی سەرەوە کورتەیەکی گەلێك کورت بوو کە تەنها لە چەند خاڵێکی مافی مرۆڤدا هاتووە. ئێستاش با تەماشایەکی مافەکانی مرۆڤ لە ڕوانگەی جاڕنامەو دەستوورەکانی ئیسلامییەوە بکەین.

لە جاڕنامەی قاهیرەدا لە خاڵی 24 دا دەڵێت " هەموو مافەکان و سەربەستییەکان کە لەم جاڕنامەیەدا کۆبوونەتەوە ملکەچی یاسای ئیسلامین" لەخاڵی 25 دا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت" شەریعەتی ئیسلامی تاکە سەرچاوەیەکە وەکو تەفسیرێك بۆ لێکدانەوە یا ڕوونکردنەوەی هەر یەکێك لە خاڵەکانی ناو ئەم جاڕنامەیە" **لاپەڕە 93 هەمان سەرچاوە.**

بەشداربووانی ئەو جارنامەیە سوورن لەسەر دارشتنی دەستوورەکە کە بەپێی یاسای ئیسلامی بێت، بۆ سەلماندنی قسەکەم تکایە بڕوانە بەندەکانی 22، 22 b، 22 a لەوەش زیاتر خاڵی c 22 کە دەڵێت" ئەو زانیارییانەی کە لە جارنامەکەدا هاتوون نابێت بەکارببرێن یا بەخراپی بەکار بهێنرێن تاکو پیرۆزی و کەرامەتی پەیامبەر برووشێنێت، مۆراڵ و بەهای بەکەم بگرێت یا لێکیهەڵوەشێنێتەوە، یا ئەزیەتی کۆمەڵگەکە بدات و بۆگەنی بکات و برەوای لەق بکات" هەمان لاپەڕەو هەمان سەرچاوە.

لەخاڵی 10 شدا یەکسانیی مامەڵەکردنی ئایینی کەمایەتییەکان دەستەبەر ناکات، مامەڵە جودایی ناموسوڵمانان یاساخ ناکات، ئەم بڕگەیە ئاماژە بە قورئان دەکات ئەوە پراکتیزە دەکات لە مامەڵەکردنی کەمایەتییە ناموسوڵمانەکاندا. لاپەڕەی 156 .

لە دەستووری ئێرانیشدا لەخاڵی 19دا لە باسی مافەکانی خەڵکدا دەڵێت" هەموو خەڵکانی ئێران هەر گرووپێکی کەمایەتی بن، یا تیرە و تایەفەیە بن لە یەکسانی مافەکاندا سوودمەند دەبن، هەرچییەك رەنگ و پێستیان بێت، بەهەر زمانێك بدوێن، یا لەو چەشنە هیچ ئیمتیازێکی تایبەتیان نابێت" **لاپەڕە210 هەمان پەرتووك، بەڵام بەئاشکرا لەم خاڵەدا دەبینیت کە هیچ باس لەمافی ژنان ناکات، باس لەمافی مرۆڤەکان ناکات لەکار و دەستکەوتندا، پلەو پایەیان لە کارگێڕییەکانی دەوڵەتدا، لە کارگێڕییەکانی تری ناو کۆمەڵگەدا، بە دیاریکراوی باس لە خەڵکانی یا ئافرەتانی ناموسوڵمان ناکات ، کە چۆن نابێت جیاوازییان لەتەکدا بکرێت، ئایا دەتوانن لەسەر ئایینی خۆیان بمێننەوە گەر شوویان بە کابرایەکی موسوڵمان کرد. بەڵام لەخاڵی 20 دا دەڵێت " هەموو هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە (ئێران) پیاو و ژن هەردووکیان، هەردوو لایان سوود لە پارێزگاریی یاسایانەیان دەبینن چ رامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی یا مافی کولتووری، کە دەبێت بگونجێ ت لەتەك بنەماکانی ئیسلامدا" هەمان لاپەڕە.**

هەروەها لەدەستووری زانکۆی ئەزهەریشدا، لە خاڵی 12 و 13 دا بانگەشەی دەرخکردنی قورئان لە قوتابخانەکاندا هاوشانی خوێندن و فێرکردنی نەرێت و خووەکانی پەیامبەر دەکات. لە خاڵی 11 دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئامۆژگاری ئایینی و ئاییندارییان دەبێت بەشێکی سەرەکی بەرنامەی خوێندن و پەروەردەو فێرکردن بێت. لاپەڕە 62.

لە خاڵی 12 دا داوا لە حکوومەت دەکات کە دیراسەی ئەرکە ئایینییەکان بکرێت بەڵام باس لەوە ناکات کە موسوڵمانان دەبێت سەبارەت بەسەربەستی و ئازادی فێر بکرێن.

لە دەستووری نووسراوی ئەزهەردا مافەکان لە روانگەی ئیسلامەوە گردبۆنەتەوە، بۆ نموونە خاڵی 29 مافی ئایین و سەبەستی بیروباوەڕ و سەربەستی کار، سەربەستی رادەربڕین، سەربەستی دروستکردن و پەیوەندیکردن بەکۆمەڵەو سەندیکاوە، سەربەستی کەسەکی، سەربەستی سەفەرکردن، سەربەستی گرتنی کۆڕ و خڕبوونەوە، دەستەبەر دەکات، بەڵام هەموو ئەمانە بەپێی سنووری شەریعەت. خاڵی 37 مافی کار کردن و بژێو پەیداکردن بەپێی ئەحکامی شەریعەتی ئیسلامی دەستەبەر دەکات. خاڵی 43 پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت مافەکان بەپێی بنەماکانی شەریعەت سوودیان لێ وەردەگیرێت. لاپەڕە 92 هەمان سەرچاوە.

ئەمە جگە لەوەشی کە مامۆستا و زاناکانی ئیسلام ئیجتیهادی خۆیان لەمەشدا کردووە بۆ نموونە سنووری سەربەستی لای تەبەندی دادەخرێت کاتێك کە تاکەکانی کۆمەڵگە مومارەسەی مافەکانی خۆیانیان کرد لە هەڵگەڕانەوە لە شەریعەتی ئیسلام و ئایین و دەوڵەت، واتە کاتێك کە مافی مرۆڤ هەڕەشەی لە ئاسایشی کۆمەڵگە و دەوڵەت بۆ بەدەستهێنانی ئەوەکرد ، ئیدی ئەوە سنووری یا هێڵی سووری بەزاندووە و دەبێت بوەستێنرێت.

له ئێرانیشدا، هەڵوێستی دەوڵەتی ئیسلامی و شەریعەتی ئیسلامی لە سنووری قورئان لاینەداوە، ئەوە بوو کەوتنە داپڵۆسینی بەهاییەکان (بەهایی لەچەرخی نۆزدەدا لە لایەن بەهائوڵڵاوە کە لە ساڵی 1863 دا خۆی بە پەیامبەری خودا ڕاگەیاند، هاتووە. بەهاییەکان پێ لەسەر یەکسانیی پیاو و ژن دادەگرن لەتەك برا موسوڵمانەکاندا، هەروەها پشتگریی حکوومەتی جیهانی ئیسلامی و ئاشتی جیهان دەکەن).

Ann Mayer هەر لەو پەرتووکەیدا لە لاپەڕە 159 دەڵێت " لە مانگی نۆڤەمبەری 2005 دا ئایەتوڵڵا ئەحمەد جانانی کە کەسێکی نزیکی ئایەتوڵڵا عەلی خامەنەییە لە گوتەیەکیدا وتی، ناموسوڵمانان مرۆڤ نین بەڵکو ئاژەڵن بەسەر زەویدا دێن و دەچن و سەرقاڵی گەندەڵین".

(ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دوژمنایەتیکردنی ناموسوڵمانان پاش ئەم هەموو ساڵانە نەسڕاوەتەوە).

لە 12 -08 2003 دا کە پەرلەمانی ئێرانی دەنگی لەسەر پێکهاتنی ژنان دا، ئەم پێشنیازە بەبیانووی دژایەتیکردنی یاسای ئیسلامی و دەستوری دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانی لەلایەن کۆمیتەی چاودێرییەوە قەبووڵ نەکرا.

هەر لێرەدا جێگای خۆیەتی کە سەرگوزەشتەی وەفدێکی ئێرانی کە لە 21 -08 -86 دا کە دیداری دەوڵەتی زیمبابۆیان کردبوو بخەمەوە یادی خوێنەر. لەم سەفەرەدا بەتەواوی هەڵوێستی دەوڵەتی ئێرانی و کەڵە سەرکردە ئایینییەکانیان لەسەر ئافرەت زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت. ئەوە دەرکەوت کە ئیسلام چەند ڕێز لە ئافرەت و توانای ئافرەت دەگرێت و چۆنیان دەبینێت. سەرۆك کۆماری ئەوکاتەی دەوڵەتی ئێران، عەلی خامەنەیی، کە سەرۆکی وەفدەکەی ئێران بوو، داوایان کرد ژنانی شالیار و پایە بڵندکانی زیمبابۆی کە بەشێك بوون لە وەفدەکەی زیمبابۆی، لەسەر مێزێك دانیشن برێك دوور بێت لە مێزەسەرەکییەکەی سەرۆکانی وەفدەکەوە. بەڵام سەرکردەکانی زیمبابۆی داواکانی ئەوانیان ڕەفز کرد، پێیان وتن کە ژنان یەکسانن بەپیاوان و هەمان مافی پیاویان هەیە. زیمبابۆییەکان دەیانزانی ترانجاندنی وەفدی ژنان لەسەر مێزێکی تر و دوورخستنەوەیان، نەك هەر جیاکردنەوە و هەلاواردنی ژنانە، بەڵکو ئەمە بەکردەوە داگرتنی کەسایەتی ئافرەتە و ناساندنیانە بەپلە دوو و بەکەم سەیر کردنیانە. لە ڕوانگەی ئایەتوڵڵاکان و دەستە و دایەرەکەیانەوە ژنان ئەو نرخ و بەهایەیان نییە کە لەسەر مێزێکی سەرەکی یا لە هەمان مەجلیسی پیاوانی خاوەن دەسەڵات دانیشن. ئەم زانیارییەم لە هەمان پەرتووك دەرهێناوە.

ئەمانەی کە لەسەرەوە باسم کردن چەند بەڵگەیەك بوون سەبارەت بەو ڕایەی کە پێشتر لەم نووسینەدا دەرمبڕی کە وتم ڕایەکی یەکگرتوو نەبووە و نییە لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە بۆ سەربەستییەکان و ئازادییەکانی مافی مرۆڤ. دواتریش لە باسکردنی ڕا و بۆچونی هەندێك کەسانی ناوداری ئایینی ئیسلامی و بزووتنەوەکەی و ئەو نووسینانەی کە لە زانکۆی ئەزهەر و قاهیرە و شوێنی تر نوسراوە و بەراوردی بە جاڕنامەی گەردوونیی بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕۆشنایی زیاتری بخەمەسەر.

بۆ نوسینی ئەم باسەکەڵکم لەم سەرچاوانەی خوارەوەوەر گرتوە:

1- چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی .

سەرچاوەکوردیەکان:

1- عەلمانیەت و ئاین. نووسینی د. محەمەد ئارکۆن. وەرگێڕانی بۆ کوردی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد.

2- بەراوردێك لەنێوانی قورئان و زانستدا. نوسینی تەها وەهاب.

سەرچاوەئینگلیزیەکان:

1-The Islamist , by Ed Husain
2- Th God Delusion, by Richard Dawkins.
3- Why I am not a Muslim, by Ibn Warraq.
4- Descent Into Chaos, by Ahmed Rashid
5- Islam and Human Rights , Fourth Edit, by Ann Elizabeth Myer